# ئێمە لێرەین

کۆمەڵە چیرۆک

ناودێرکراو لەلایەن «خەڵاتی هوشەنگ گوڵشیری»، «خەڵاتی میهرەگان ئەدەب» و «خەڵاتی نووسەران و ڕەخنەگرانی ئێران»

# ئێمە لێرەین

کۆمەڵە چیرۆک

نووسین و وەرگێڕانی

بەرۆژ ئاکرەیی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئێمە لێرەین – کۆمەڵە چیرۆک
نووسین و وەرگێڕانی: بەرۆژ ئاکرەیی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٤٦
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٣٨ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بە فارسی نووسراوە و لە ساڵی دووهەزار و چوار لەلایەن پەخشخانەی نیلووفەر و بە پشتگیریی بنیاتی گوڵشیری لە تاران بڵاو کراوەتەوە. لە هەمان ساڵدا و بۆ خەڵاتەکانی «هوشەنگ گوڵشیری»، «میهرەگان ئەدەب» و «نووسەران و ڕەخنەگرانی ئێران» ناودێر کراوە. دوای ساڵێکیش، ساقی قەهرەمان (شاعیر و چیرۆکنووسی ئێرانی) لە کەنەدا وەری گێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی.

ئەمەش دەقە کوردییەکەیەتی.

بەرۆژ

# هەشت و سی و پێنج خولەک

بۆ نەسرین و...

چرا هەڵدەکەم. دالانێکی درێـ......... ژ، تا دەگاتە ژوورێک کە دەرکەی لەسەر پشتە و تیرێژی گڵۆپ ڕای کردووە تا بن پێچکەی تەختێک. پاڵتۆکەم لەسەر کورسییەک دادەنێم، کە لە تەنیشت مێزێکە.

«کێیە؟...»

دەست هەڵدەبڕم تا کڵاوبێرییەکەم داگرم: «هەلۆ...» پشیلەیەک، لەوپەڕی دالانەوە سەرەتاتکێیەک دەکا و لە پڕێکدا دەکشێتە دواوە؛ دایناگرم. تابلۆ کۆنەکان لە چوارچێوەی کۆن و بچووکدا، دیواری دالانەکەیان داپۆشیوە.

«تۆ کێی؟»

بە چەپدا لادەکەمەوە و شوێن دەنگەکە دەکەوم. پشت لە پەنجەرە و لەسەر کاناپەیەک دانیشتووە. پشیلەیەک لەسەر ڕانی پاڵکەوتووە و سەری لە شوێنێکی کراسەکەیدا ون بووە.

«بەیانی باش.»

سەر هەڵدەبڕێ و تەماشای سینگم دەکا. کڵاوێکی سووری دەستچنی لە سەرە و پرچە خۆڵەمێشییەکەی بەسەر کراسە شینەکەیدا شۆڕ بووەتەوە. گنجی ورد و باریک، لە سیلەی چاویەوە بەرەو ملی داکشاون.

«تۆ... تا ئێستا قەت نەهاتوویە ئێرە.. ها؟»

دەستی لەسەر پشیلەکەی هەڵدەگرێ و داوێنی کراسەکەی ڕێک دەخا. بەندی مەمکدانەکەی بە ئێسکی شانیدا شۆڕ بووەتەوە.

«نا. یەکەمین جارە...»

ڕوو وەردەگێڕێ. پشیلەکە باز دەدا. تاوێک لە تەنیشت پێڵاوەکانم ڕادەوەستێ، لێیان ڕادەمێنێ و بۆ داڵانەکە دەردەپەڕێ.

دەڵێم: «من دەبێ بەرچاییت بۆ ئامادە بکەم.»

«بەرچایی...» دەست بۆ گۆچانەکەی دەبا. زۆرێک دێنێ و هەڵدەستێتەوە. نووکی گۆچانەکەی بە ئەستەم هەڵدێنێ و لەولاتری دادەنێ، پاشان پێی ڕاستی بە ئەستەم هەڵدێنێ و لای نووکی گۆچانەکەی دادەنێ. پاشان پێی چەپی و... دیسان نووکی گۆچانەکەی و... پاشان... سەرهەڵدەبڕم: ژن و پیاوێکی گەنج لە تەنیشت تراکتۆرێک ڕاوەستاون. جلی کاریان لەبەرە و بە دەستی بەتاڵەوە پێ دەکەنن. دوو هەنگاو ڕۆیشتووە و من هەنگاوێک بەرەو پێش دەڕۆم. ژنێک لە پەنا پیانۆیەکی سپی ڕاوەستاوە. بەلەکی لە درزی تەنوورەکەیەوە دیارە و تەماشای کامێرا.

«بەرچایی ئامادە دەکەن...!» دەرکەی مەتبەخ دەکاتەوە: «دەبێ دەرکەی بالکۆنەکە کەمێک لا بێت....»

بە پەنا وێنە بچووکەکانی ناو چوارچێوە بچووکەکاندا تێ دەپەڕم. دەرکەی بالکۆن دەکەمەوە. تەمێکی تەنک زەریاچەی داپۆشیوە. پاشان هەموو لا ڕوون و بێگەردە، تا دەگاتە دارکاژەکان، کە ڕەنگیان قاوەییە و تەمێکی تەنک لە خۆی گرتوون. دەگەڕێمەوە.

دانیشتووە. لە پشت مێزێکی پڕ لە پەرداخی پیس و دەوا و دەرمان.

«هیچم پێویست نییە. یارمەتیشم ناوێ.»

پەرداخێک هەڵدەگرێ، چاو دەگێڕێ تا شوێنێکی لەسەر مێزەکە بۆ بدۆزێتەوە؛ نایدۆزێتەوە. لە جێی خۆی دایدەنێتەوە. گوڵدانێکی بچووک بە گوڵی وشکەوە لەنێو دەستشۆریەکەیە.

«ئەمەیان فڕێ بدەم؟»

دەست بۆ کۆنە ڕادیۆی سەر لێواری پەنجەرە دەبا.

«چی دەخۆی؟»

پشت لە من، سەر دەلەقێنێ: «هیچ ناخۆم، هیچیشم ناوێ.»

ئانیشکی دەلەرزێ و پەنجەکانی لەنێو خشەخشی ڕادیۆکەدا دەڵێی بە دوای دەنگێکدا دەگەڕێن. پشیلەکە دێتەوە ژوورێ و باز دەداتە سەر مێزەکە. ئاوڕێک دەداتەوە، تاوێ لە پشیلەکە دەڕوانێ و دەگەڕێتەوە لای ڕادیۆکە. دەنگی پیاوێک، لەنێو خشەخشی ڕادیۆکەدا شتێک دەڵێ. پاشان ژنێکی گەنج، شتێک دەڵێ و پێکەنینەکەی بە پەنا خشەخشەکەدا ڕادەبوورێ. دەنگی پیاوەکە لەنێو خشەخشەکەدا شتێکی تر دەڵێ. ژنەکە لە پشت خشەخشەکەوە پێ دەکەنێ. دەست دەکێشێتەوە. پشیلەکە هەڵدەگرێ و لەسەر ڕانی خۆی دایدەنێ. پشیلەکە خۆی دەگەوزێنێ و سەری لە داوێنی کراسەکەیدا ون دەبێ.

«بە ڕووسی قسە دەکەن؟»

سیلەی چاوێکیم لێ دەگرێ و بەرەو ڕادیۆکە دەگەڕێتەوە. ژنێک خەریکە بە دەنگێکی بریندار و لەنێو بادا گۆرانی دەڵێ. دەستی ڕاستی هەڵدێنێ و پاڵێک بە پشیلەکەوە دەنێ. پەرداخێکی پیس لەسەر مێزەکەی بەردەمی هەڵدەگرێ. ورد ورد لێی دەڕوانێ و لە جێی خۆی دایدەنێتەوە.

«نا! دەبێ پۆڵۆنی بێت» دەستەکانم بە سینگمەوە دەگرم: «بەڵێ.. پۆڵۆنییە!»

هیچ ناڵێ.

پشیلەکە لە بن مێزەکە دێتە دەرێ و لە پێڵاوەکەم ڕادەمێنێ.

ژنەکە، هێشتا لەنێو بادا گۆرانی دەڵێ و دەنگ و هەناسەی بەرز و نزم؛ دێن و دەڕۆن. دەست بۆ ڕادیۆکە دەبا. کزی دەکا. لە کڵاوبێرییەکەم ڕادەمێنێ: «پۆڵۆنی... پۆڵۆنی بوو.» دەنگی ڕادیۆکە کپ دەکا.

دەڵێم: «بەڵێ، منیش پێم وابوو پۆڵۆنییە...»

چاویلکەکەی، لە چاو دەکا. چاوە لێڵەکانی گەورەتر دەنوێنن.

دەڵێم: «من ئەوێم بینیوە.»

دەست بۆ سینگی دەبا و بەرۆکی کراسەکەی نەختێک هەڵدەکێشێ: «کوێ؟»

«وارشۆ!»

«وارشۆ؟... چ ساڵێک؟»

«ساڵی نەوەد.»

سەرتاپا لێم دەڕوانێ: «نەوەد ساڵ...؟»

«نا. ساڵی نەوەد.»

سەری دادەخا و سەیری ژێر مێزەکە دەکا.

دەڵێم: «شارێکی جوانە.»

تەماشای پەنجەرە دەکا. زەریاچەکە دیارە. بە تەمە تەنکەکەی لێوارەکانی و ڕیزی دارکاژەکانەوە، کە قاوەیین لە خەرمانەی تەمدا.

«وارشۆ جوان بوو...» ڕوو لە دیوار، چاو دەترووکێنێ.

پشیلەکە لە ئاستانەی متبەخدا ڕاوەستاوە.

لەسەر کورسییەکە دادەنیشم.

پشتەگوێی دەخورێنێ: «یانی تۆ وارشۆت بینیوە؟»

«بیـــست ڕۆژێکی لێ بووم...» هەر بۆ ئەوەی ناوی هیچ شـــوێنێکیم لێ نەپرسێ، پێ دەکەنم: «شتێکی پۆڵۆنیت لێ بپرسم، ماناکەیم پێ دەڵێی؟»

بێتاقەت تەماشام دەکا.

«لە زۆر کەسم پرسیوە، کەس پێی نەگوتووم...»

پشتی دەستی دەخورێنێ: «چی؟»

دەڵێم: «Kurka wodna»

«جارێکی تر بیڵێ!»

دەڵێم: «Kur...ka wod...na»

چاو هەڵدێنێ. گنجی ڕوومەتی دێنەوە یەک و بێ ئەوەی دەمی بکاتەوە، پێ دەکەنێ. سەری بادەدا و پاشان سەیری شاڵگەردنەکەم دەکا: «ژن بوو؟»

«کێ؟»

تەماشام دەکا. سەر دەلەقێنێ و پێ دەکەنێ.

دەڵێم: «مانای چییە؟»

دیسان پێ دەکەنێ. پاشان سەر دادەخا و دیسان تەماشای ژێر مێزەکە دەکا: «ئەمەیان تەنیا... یانی زۆرتر... وابزانم ژن بە پیاوی دەڵێن. مانایەکی تایبەتیشی...» شانی چەپی هەڵدەتەکێنێ: «نییە.»

«یانی چی؟»

بەس تەماشام دەکا.

«ژن چۆن دەتوانن شتێک بە پیاوان بڵێن کە هیچ مانایەکی نییە؟»
کەمەی گۆچانەکەی لە مشت دەگرێ و چەنەی دەخاتە سەر دەستی: «ئێستا قاوە خۆشە... نا؟» تەماشای پشیلەکە دەکا. پشیلەکە دەمولووتی دەخاتە سەر دەستەکانی و چاو لێک دەنێ. شاڵگەردنەکەم بە ملی کورسییەکەوە هەڵدەواسم. قاوەجۆشێک لەنێو قاپە نەشۆردراوەکان دەردێنم. قۆڵ هەڵدەماڵم. وا دەوەستم کە چاوم لێی بێ. ئیسفەنج هەڵدەگرم و کەفاوی بەسەردا دەکەم.
«هەر ئەویان بشۆ. ڕقم لە دەنگی ئاوە...» پێ دەکەنێ: «ئەگەر ماناکەی وشە بە وشە بگرین، واتە: مریشکی تەڕ. مانایەکی ئەوتۆیشی نییە. بەڵام... وابزانم ژن بە پیاوی دەڵێن...»
شێرەی ئاوەکە دەکەمەوە: «بۆچی هەر ژن...؟»
گۆچانەکەی بە ملی کورسییەوە هەڵدەواسێ: «نازانم. لەوانەیە وایش نەبێت. من...» پێ دەکەنێ: «لەمێژ بوو ئەمەم نەبیستبوو.»
سەری بەملا و بەولادا بادەدا.
چاپەزەکە لەژێر ئاو ڕادەگرم. کەفاوی پێدا دێتە خوار. ئاوی تێ دەکەم و لەسەر وەجاخی گازەکەی دادەنێم. وەردەچەرخێم و دەستم بە شەرواڵەکەم وشک دەکەمەوە. پشیلەکە خەریکە یاری بە شاڵگەردنەکەم دەکا. دادێمەوە و دەستێک بە پشتیدا دێنم. دادەنیشێ. خۆی وەردەگێڕێ، دەکەوێتە سەر گازی پشت، خۆی دەگەوزێنێ و چنگ بۆ پەنجەکانم هەڵدێنێ.
«ئەم جوانکیلەیە تەمەنی چەندە؟»
«کازێک؟... کە هێنام زۆر بچووک بوو. ئەمەندە...» لەپی دەستیم پێشان دەدا: «ئەی تۆ چەندێکە لێرەیت؟»
«دە.»
«دە؟»
«بەڵێ.» لەسەر کورسییەکە دادەنیشم: «دە ساڵ.»
چاویلکەکەی بە داوێنی کراسەکەی دەسڕێتەوە، ڕانە چرچەکانی دیار دەکەون. نیگام دەدزمەوە. مەمکەکانی بۆ مەمکدانە ڕەشەکەی بچووکن.
«بەڵام، من... کە هاتم شەڕ بوو.» چاویلکە لە چاو دەکا. سەری بەرەو

قوڵتەقوڵتی کترییەکە وەردەسووڕێنێ.

هەڵدەستمەوە.

«ئەو دۆڵابە فنجانی تێدایە. لای چەپ.»

فنجانەکان لە تەنیشت یەکترەوە ڕیز کراون.

«چەند کەوچکی تێ بکەم؟»

«دوو. نا. سێ کەوچک قاوە، دوو کەوچک شەکر.»

تێی دەکەم. دوو کەوچک شەکر. سێ کەوچک قاوە.

قاوەکەی بۆ دادەنێم. دەمەوێ پەرداخە پیسەکان لەسەر مێزەکە کۆ بکەمەوە...

«نا! ئێستا نا.» کەوچک هەڵدەگرێ: «فراوینیش تۆ دەیهێنیت؟»

«نازانم... لەوانەیە.»

«کەواتە، جارێ لە پەرداخەکان گەڕێ.» فڕێک لە قاوەکەی دەدا.

«وریابە، گەرمە!»

«بەڵام خۆشە. زۆرم حەز لە قاوەی گەرمە.»

«نەتگوت؟ نیوەڕۆ چی دەخۆی؟»

«چی؟... نازانم. هەرچییەک هەبوو. نا. خۆت بزانە چی باشە؟»

شاڵگەردنەکەم هەڵدەگرم، کازێک هەڵدەبەزێتەوە کە لە دەستمی دەربێنێ.

دادێمەوە. خۆی بە پشتدا دەگەوزێنێ و چنگ بۆ پەنجەکانم هەڵدێنێ.

هەڵدەستمەوە: «دەی کەواتە Do vidzanio»*

تەماشام دەکا.

دەڵێم: «Do vidzanio»

دەست بۆ سەرم هەڵدێنێ. کەمێک دادێمەوە. لایەکی کڵاوبێرییەکەم بە دوو ئەنگوست دەگرێ. کەمێک خۆی خوار دەکاتەوە و کڵاوەکەم کەمێک لار دەکاتەوە. مستێکی سووک لە سینگم دەدا و دەگەڕێتەوە لای دارکاژەکان، کە ڕەنگی قاوەییان لەنێو تەمدا هەڵبزرکاوە.

---

* Do vidzanio: بە هیوای دیدار. (پۆڵۆنی)

## نۆ و بیست خولەک

چرا هەڵدەکەم. دەمی داچەقاوە و پێیە لاوازەکانی، بە دەماری شینەوە، لە چمکێکی بەتانییەکەوە دیارن. پاڵ بە دەرکەوە دەدەم.

«بەیانی باش مادام!»

تکەی ئاو لە متبەخەوە دەبیستری. دەمی دادەخری. سێوی قورگی هەڵدەگەڕێ، دادەگەڕێ و دیسان دەمی دەکرێتەوە.

هاوار دەکەم: «ڕۆژباش مادام!»

«ها...» سەری بەرز دەکاتەوە. تەماشای پەنجەرە دەکا. نیگای بەسەر دیواردا دەکشێ، بە ڕوومدا تێ دەپەڕێ و دەگاتە دۆلابی سووچی ژوورەکە. لە پڕێکدا دەگەڕێتەوە و نیگای لە نیگام دەچەقێ. چمکی بەتانییەکە بە سینگییەوە دەگرێ: «تۆ کێی؟» ڕەنگی پەڕیوە و پێ دەکەنێ.

دەڵێم: «بەیانی باش مادام!»

«ها...» نەختێک هەڵدەکشێ. چمکی بەتانییەکە بەر دەدا: «ها...» ڕەنگی دەگەشێتەوە: «تۆ ئەو کەسەیت کە پێم دەڵێیت مادام؟»

«بەڵێ مادام. من ئەو کەسەم کە پێت دەڵێم: مادام.»

دەستی لەسەر ڕوومەتی دادەنێ: «سەرمامە... بەڵام باشە... نا، باش نییە. پێم لەژێر بەتانییەکە نییە.» تەماشام دەکا: «هەموو شتێک باشە، نا؟ بەڵام تۆ پێت وایە زۆر سەرمایە، نا؟ تۆ دەتەوێ قاوەم بۆ دروست بکەیت، نا؟»

پاڵتۆکەم دادەکەنم: «بەڵێ. قاوە، نان، پەنیر و کەرە.»

«کەرە و پەنیر و نان؟ بەڵام زۆر سەرمایە. باران دەبارێ، نا؟» تەماشای پەنجەرە دەکا.

لقەکانی پشت پەنجەرە ڕەق هەڵاتوون.

«بەفر، مادام. لەوانەیە بەفر ببارێ.» پاڵتۆکەم لەسەر ملی کورسی دادەنێم.

ڕووی وەردەگێڕێ: «من حەزم لە بەفر نییە. ئێستا کە سەرمایە، هیچ حەزم لە بەفر نییە.» دەست دەخاتە سەر چاوەکانی و دەگریێ.

«ئەدی قاوە؟... حەز لە قاوەش ناکەی؟»

دەستی کەمێک لادەدا: «قاوە، با... قاوە حەزم لێیە. بەڵام دیسان سەرمایە. زۆر سەرمایە.» دەیەوێ دیسان بگریێ، کە تێلیفۆنەکەم بە دەنگ دێ.

...

«هەلۆ...»

«منم. لە کوێی؟»

«لای مادام.»

«زۆرت پێ دەچێ؟»

«هێشتا لە پێخەفدایە.»

«حەبەکانی...»

«دەزانم.»

«دەزانی لە کوێن؟»

«دەزانم.»

هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ.

دەڵێم: «لە کوێی؟»

«کەواتە من قاوەکەم دەخۆمەوە.»

«هیچێک ڕووی داوە؟»

«نا.»

«کەواتە دەتبینمەوە.»

«خوات لەگەڵ.»

...

دەڵێ: «ها؟ ئیشی بە من بوو؟»

«نا. لاریسا بوو، گوتی قاوەت بۆ دروست بکەم.»

«زۆرجار زەنگ لێ دەدا.»

«کێ؟»

«ئەمە...» دەست بۆ تێلیفۆنی سەر مێزەکەی درێژ دەکا.

«نا، مادام. تێلیفۆنەکەی من بوو...»

«تا ڕۆژ دەبێتەوە هەر دەنگی دێت. کە لە خەویش هەڵدەستم بێدەنگ دەبێ. بۆچی ئاوایە؟»

«لەوانەیە کەسێک بێت و تێلیفۆن دەکا؟.»

«کێ تێلیفۆنم بۆ دەکا؟ کە تێلیفۆنیش هەڵدەگرم، هیچ کەس قسە ناکا.»

تکەی ئاو لە متبەخەوە دەبیسترێ.

تێلیفۆنەکە هەڵدەگرم. سیمەکەی پچڕاوە و بەسەر کورسییەکەدا شۆڕ بووەتەوە.

«کچەکەت... لەوانەیە کچەکەت بێ کە تێلیفۆنت بۆ دەکا.» دایدەنێمەوە جێی جارانی.

«من کچم هەبوو؟» تەماشای پەنجەرە دەکا: «بەفر لەوانەیە زۆر بباریێ؟»

«هەڵناستیت؟»

چنگ بە چمکی بەتانییەکەدا دەکا: «با! بەڵام زۆر ساردە، نا؟» بەتانییەکە بەسەر خۆیدا دەدا: «نەختێکی تر لەژێر بەتانییەکەمدا بمێنمەوە؟»

تەماشای دەمارەکانی دەستی دەکەم: «باشە... دەڕۆم قاوەت بۆ دروست دەکەم. پاشان دێم و بانگت دەکەم.»

لەژێر بەتانییەکەیدا خۆی گرمۆڵە دەکا: «زۆر سوپاس کە پاشان دێیتەوە. زۆر سوپاس کە ئێستا لێرەی. دەرگەی دەرەوەش لەگەڵ دەستت داخە.»

«ناڕۆم. دەمەوێ قاوەت بۆ دروست بکەم.»

چاو لێک دەنێ: «لەگەڵ کەرە و نان و پەنیر؟»

«ئادی. لەگەڵ کەرە و نان و پەنیر.»

دەچمە مەتبەخ. نەختێک پەنجەرە دەکەمەوە. با، گەردەلوولێک بەفری داوەتە پێش خۆی و زەریاچەیش سەرانسەر شەختەی بەستووە. شێرەی ئاو دەکەمەوە. قۆرییەکە پڕ دەکەم و لەسەر ئاگری گازەکەی دادەنێم. ئاوەکە دەگرمەوە. دەرکەی سەهۆڵدانەکە دەکەمەوە.

تکەی ئاو لە مەتبەخەوە دەبیسترێ.

«لەگەڵ تۆمە! گوێت لێمە؟...»

دالانەکە دەبڕم. لە ئاستانەی دەرکەدا ڕادەوەستم و چرا هەڵدەکەم: «بەڵێ مادام. چیت گوت؟»

« تێلیفۆن... نەتبیست؟»

« نا. هیچ کەس تێلیفۆنی نەکرد.»

«ئەدی ئەم چرایە بۆچی هەڵکراوە؟»

تکەی ئاو لە مەتبەخەوە دەبیسترێ.

چرا دەکوژێنمەوە. دەرکە دادەخەم. دەچمەوە مەتبەخ. شێرەی ئاوەکە توند دەکەم. دەرکەی سەهۆڵدانەکە لەسەر پشتە. دوو لەتە نان هەڵدەگرم و کەرەیان لێ دەسووم. دوو لەت پەنیریان لەسەر دادەنێم. ویزەی قۆرییەکە بەرز و بەرزتر و بەرزتر دەبێ. پاشان کز و کزتر و کزتر و... قوڵپ دەدا. تەباخەکە دەکوژێنمەوە. کۆنەفنجانێکی سپی هەڵدەگرم و پڕ لە ئاوی کوڵاوی دەکەم. دوو کەوچک قاوە. سێ کەوچک شەکر. تێکی دەدەم. کەف دەکا. کەوچکەکە دەردێنم. کەفەکە دەخولێتەوە و دەخولێتەوە و دەخولێتەوە، پاشان بچووک و بچووک و بچووکتر دەبێ. پاشان دەبێتە بڵقێکی گەورە و هێدی هێدی دەخولێتەوە. پەنجەرە دادەخەم. دەگەڕێمەوە. دەرکەی ژوورەکەی دەکەمەوە.

دەمی داچەقاوە و دەمارە شینەکانی قاچی لە چمکێکی بەتانییەکەوە دیارن.

«مادام! قاوە ئامادەیە.»

تکەی ئاو لە مەتبەخەوە دەبیسترێ.

دەنگ هەڵدەبڕم: «قاوە ئامادەیە!»

سـەری نەخـتـێک دەلەرزێ. دەمی دادەخـرێ. سـێـوی قـوڕگی هەڵدەگـەڕێ، دادەگەڕێ و دیسان دەمی دەکرێتەوە.

هـاوار دەکەم: «قاوە ئامادەیە!»

سەری بەرز دەکاتەوە: «تۆ کێی؟» تەماشام دەکا.

«قاوە ئامادەیە.»

«ها... تۆ ئەو کەسەی کە پێم دەڵێی مادام؟»

«بەڵێ مادام، من ئەو کەسەم کە پێت دەڵێم مادام. قاوەش ئامادەیە!»

«قاوە باشە. تۆش زۆر باشی کە دێی و قاوەی زۆر باشم بۆ لێ دەنێی و پێم دەڵێی مادام...» چاوە لێڵەکانی زەق دەکاتەوە: « تێلیفۆن... دەنگی نەهات؟»

«نا، هەڵسە. قاوەکەت سارد دەبێتەوە.»

«قاوەی سارد خۆش نییە. قاوەی سارد هیچ خۆش نییە!»

«ئادی خۆش نییە... کەواتە هەستە با سارد نەبێتەوە.»

دەست دەخاتە سەر ڕوومەتی: «زۆر ساردە، تێلیفۆنیش ئاخر دەڵێی لێی نەداوە.»

«نا، لێی نەداوە. ئاخر ئەم تێلیفۆنە ئیش ناکا.» دەڕۆم تێلیفۆنەکە هەڵبرم، تا سیمە پچڕاوەکەی ببینێ. لە نیوەڕێدا پەشیمان دەبمەوە. دەگەڕێمەوە: «چێشتەکەت بۆ بێنم؟... ها؟ بیهێنم لێرە بیخۆی؟»

دەست لەسەر ڕوومەتی لادەدا: «ئاخر قاوەی سارد خۆش نییە. چەند جار بیڵێم؟»

«ئادی خۆش نییە. بەڵام خۆ قاوەکەت سارد نەبووەتەوە. هەڵسە دەی!»

دەگریێ: «ئاخر کە دەنووم زەنگی تێلیفۆنەکە لێ دەدا... من دەزانم.»

«دەبێ هەڵسیت، دەبێ دەرپێکەیشت بگۆڕم...»

«دەزانم دەبێ هەڵسم...» دەست بە دەستگرەکەی پاڵ سەریەوە دەگرێ: «بەڵام کە تۆ لێرەیت، لێ نادا...» هەوڵ دەدا هەستێتەوە: «نا. ئەمڕۆ ناتوانم...» دەستگرەکە بەردەدا: «تۆ بڵێی کێیە تێلیفۆنم بۆ دەکا ؟ ها؟...» چاو زەق دەکاتەوە.

لە پاڵ سەریەوە دەوەستم: «نازانم.»

دەستم دەگرێ: «هێندێک جاریش تێلیفۆن ناکا. دێتە ئێرە...» بە چەنە هێمای داڵانەکە دەکا: «بەو ناوەدا دێت و دەڕوا. پاشان دەچێتە متبەخ، کە نازانم لەوێ چی بکا؟» وا تەماشام دەکا، کە هەست بە ترسەکەی بکەم: «تێ دەگەی؟»

تکەی ئاو لە متبەخەوە دەبیسترێ.

«دەستتم بدەرێ!» دەستەکانی دەگرم: «ئێستا پێکەوە دەژمێرین: یەک... دوو...»

دەڵێ: «سێ!... بەڵام ناتوانم.»

بنباڵی دەگرم و هەڵی دەستێنمەوە.

دادەنیشێ: «ئەها... توانیم!»

هەناسە دەدەم: «دەی...»

تەماشام دەکا: «ئای چەند باشە. قاوە زۆر باشە.» دەستەکانی بە سینگییەوە دەگرێ: «تۆش زۆر باشی کە دێی و قاوەی زۆر باشم بۆ لێ دەنێی.»

دەچەمێمەوە. پێیە شەقار شەقارەکانی دەخەمە نێو پێڵاوە کۆنەکانیەوە. کورسییەکەی بۆ ڕادەکێشم. هەردوو دەستی دەخەمە سەر دەسکەکانی کورسی. تەماشای پێڵاوەکانی دەکا: «نا. زۆر ساردە.»

«چێشتەکەت بێنم لێرە بیخۆی؟»

هەردوو دەستی بە ڕوومەتەکانیەوە دەگرێ و هیچ ناڵێ.

«ها؟... چێشتەکەت بێنم لێرە بیخۆی؟»

«ئاخر چی بخۆم؟»

«قاوە، بە نان و کەرە و پەنیرەوە!»

«بە پەنیر و نان و کەرەوە؟... بەڵام زۆر ساردە. گوتت باران دەبارێ، نا؟»

لقەکانی پشت پەنجەرە شەختەیان گرتووە.

«نا مادام، بەفر. خەریکە بەفر دەبارێ.»

# ده و ده خوله‌ک

«کەس لەماڵە؟» گڵۆپەکە هەڵدەکەم.

«بیکوژێنەوە.»

دەیکوژێنمەوە و بە بەر تیشکی کزی پەنجەرەکاندا دەگەمە ژووری خەوتن.

«بەیانی باش.»

لە تاریکیدا دەڵێ: «بڕۆنە دەرێ... هەمووتان بڕۆنە دەرێ.»

ڕادەوەستم تا چاوم بە تاریکی ڕادێت: «هەر خۆمم... کەسم لەگەڵ نییە.»

کە دەجووڵێتەوە، لە تاریکیدا دیار دەکەوێت: «مەبەستم هەمووتانە کە دێنە ئێرە.» هەوڵ دەدا سەرینەکەی نەختێک هەڵکێشێ، ناتوانێ.

دادێمەوە.

«بڕۆ دەرەوە.»

دەست دەکێشمەوە: «کەواتە... دەڕۆم ئاو بێنم تا حەبەکانت بخۆیت.»

« نایانخۆم.» تاوێک بێدەنگ دەبێت: «سەد جارم گوتووە.»

کە دەچمە دەرەوە، گڵۆپەکە هەڵدەکەم. ژوورەکە لە پشت سەرمەوە زەرد دەبێ.

«بیکوژێنەوە.»

دەچمە متبەخ. شێرەی ئاو دەکەمەوە. دەنگی لەنێو دەنگی ڕژانی ئاودا ون دەبێ. پەرداخەکە لەژێر ئاو ڕادەگرم، کە پڕ دەبێ، ئاوەکە دەگرمەوە. هیچ دەنگێک نییە. دەگەڕێمەوە. پەرداخەکە لەسەر مێز دادەنێم. لێفەکە

هەڵدەکێشێتە سەر مەمکە چرچەکانی: «سەد جارم گوت بیکوژێنەوە.»

«ئەم ژنە چەند جوانە.»

ژنێک لە تەنیشت پەرژینی باخێک ڕاوەستاوە و بزەی لەسەر لێوە.

«باسی ئەو وێنەیە هەر مەکە! گڵۆپەکەش بکوژێنەوە، خەریکە کوێر دەبم.»

«تۆ پرچێکی زۆر جوانت هەیە... دەزانی؟»

«ئەمەشتان سەد جار گوتووە! منیش سەد جار بە هەمووتانم گوتووە، ئەو وێنەیە هیی کچەکەمە، کە چووەتە شوێنێکی دوور.»

«بەڵام زۆر جوانە، بە تایبەت بە شاڵی سەر شانەکانیەوە، تەماشا!»

تەماشای ناکا: «جوانە، بۆ خۆی جوانە!» دەستی لەسەر تەوێڵی هەڵدەگرێ و دەیخاتە سەر برینێک کە لەسەر ڕوومەتیەتی.

دەڵێم: «کەی بریندار بووی؟»

«بریندار؟»

«ئێرە... ڕوومەتت بریندار بووە.»

تەماشای پەنجەم دەکا: «ئازاریشی هەیە؟»

تەماشای دەکەم.

«ئەدی کوا حەبەکانم؟ مەگەر نابێ حەبەکانم بخۆم؟»

«ئادی... دەبێ حەبەکانت بخۆی.» حەبەکان هەڵدەگرم.

«پارەی چاک وەردەگرن و هیچ کارێکیش ناکەن. ناکرێ ئەم گڵۆپە بکوژێنییەوە؟»

«نا، دەبێ بزانم خەریکم چی دەکەم.»

حەبەکان دەخەمە نێو لەپیەوە.

«پێنج قل؟»

«بەڵێ پێنج قل.»

پشتم تێ دەکا و تەماشای وێنەکە دەکا: «تەنانەت نامەیەکیشی نەنارد.»

حەبەکان دەخاتە دەمی بێ ددانیەوە.

دەڵێم: «دیارە سەری قاڵە.»

پەرداخی ئاو هەڵدەگرێ: «ئادی... چەندە پارە وەردەگرن، کە هیچ کارێک نەکەن و نامەش بۆ هیچ کەسێک نەنێرن؟»

پێنج قوم لە ئاوەکەی دەدا. دەست درێژ دەکەم. پەرداخەکەم دەداتەوە دەست و دیسان لێفەکەی بەسەر خۆیدا دەکێشێ...

«ئەمڕۆ چی دەخۆی؟»

«ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟»

«چوارشەممە.»

«چوارشەممە دەکاتە چەند شەممە؟»

«سەعاتیش دە و نیوی بەیانییە.»

«دە و نیو دەکاتە چەند شەممە؟»

«دەکاتە چوارشەممە!... دەی چی دەخۆی؟»

«شتەکانی سەر مێزەکە تێک مەدەن...» دەنگی هەڵدەچێ: «سەد جار بە هەمووتانم گوتووە. بەس دەزانن پارە وەرگرن...» هەناسەی سوار دەبێ. دەست دەباتە ناو پرچە خۆڵەمێشییەکەیەوە: «مووچەتان چەندە؟»

«کە تۆ کارت دەکرد مووچەکەت چەند بوو؟»

«من هیچ کارێکم نەدەکرد. کوڕەکەشم...» پەنجە دەخاتە سەر برینەکەی ڕوومەتی: «گوتت بریندار بووە؟»

«ئادی، بریندار بووە.»

«مەگەر من کوڕم هەبوو؟»

«نا، تۆ کچت هەبوو.»

«ئەدی کوڕی کێ بوو کە بریندار بووبوو؟..» دەستی لەسەر ڕوومەتی لادەدا: «نا. دایکم بوو کە کچێکی هەبوو. مێردەکەشم کارگەیەکی هەبوو...» نەختێک بیر دەکاتەوە: «بەڵام... من مێردم هەبوو، نا؟»

هیچ ناڵێم.

«نەمبوو؟»

«با... هەتبوو.»

«تومەز دیسان چووە بخواتەوە.»

«نا. چووەتە سەر ئیش.»

«تۆ خۆت بینیت؟... کە دەهاتیە ئێرە لە ڕێگەدا بینیت؟»

«بەڵێ بینیم. خەریک بوو دەچووە سەر ئیش... ئێستا چی دەخۆی؟»

«ئەم چرایە بکوژێنەوە... سەد جار بە هەمووتانم گوتووە، بەڵام قەت بە قسەم ناکەن.»

«تاریک دەبێ، هیچ نابینم.»

تەماشای بەرپێی خۆی دەکا.

دەڵێم: «مێردەکەت سەعات چەند دێتەوە؟»

«سەعات؛ هیچ نازانم...» تەماشام دەکا: «تۆ ئەمڕۆ بینیت؟ یانی کە دەهاتیت لە ڕێگەدا بینیت؟»

«بەڵێ بینیم. گوتی نانی بەیانیت بدەمێ. پاش تاوێک دەگەڕێتەوە،»

تەماشام دەکا.

«قاوەکەت شیری تێ بکەم؟»

«مەگەر من داوای قاوەم کرد؟»

«بەڵێ داوای قاوەت کرد.»

«کەواتە شیرم ناوێ...» بە تووڕەییەوە تەماشام دەکا.

ڕەوڕەوەکەی دێنمە پێشەوە: «دەبێ دەرپێکەشت بگۆڕم.»

تەماشام دەکا.

دەستکێشەکان لە دەست دەکەم. داڵانەکە دەبرم. تەشتێک هەڵدەگرم، پڕی دەکەم لە ئاو. دەگەڕێمەوە. هێشتا تەماشام دەکا. تەشتەکە لە بەرپێی دادەنێم. دەستەکانی هەڵدەگرم و دەیانخەمە سەر دەسکەکانی ڕەوڕەوەکەی. دەمی دەکاتەوە. دەرفەت نادەم: «ئێستا قسە ناکەین. دەبێ هەستیتەوە!»

دەستەکانی لەسەر دەسکی ڕەوڕەوەکە توند دەکەم. بنبالّی دەگرم: «یەک... دوو... سێ!» هەڵدەستێتەوە. دەرپێ تەڕەکەی تا چۆکەکانی، کە دەلەرزن، دادەکێشمە خوار. پووشەکی پڕ لە گوو لە دەرپێکەی دەردێنم و چاو لە سەتڵ دەگێڕم.

«زۆرم گوو کردووە؟»

«خراپ نییە.»

«دەکرێ ببینم؟»

پێشانی دەدەم.

«ئادی، خراپ نییە.»

پووشەکی گوواوی فڕێ دەدەمە نێو سەتڵەکەوە. پەردە لادەدەم. پەنجەرەکە نەختێک لادەکەم. با، خەریکە لە دەرەوە غار دەدا.

«ژوورەکەم سارد دەبێتەوە.»

«ئێستا دایدەخەم.» پەڕۆیەک دەخەمە نێو تەشتەکەوە، تاکو بخوسێ. مشت مشت کلێنکس هەڵدەگرم و نێوگەڵی پاک دەکەمەوە. پەڕۆی خوساو بە پێستی داشۆڕاوی هەردوو ڕانیدا دێنم.

«خەریکە ماندوو دەبم.»

پووشەکی تازە دەخەمە نێو دەرپێکەیەوە: «دەی...» دەرپێکەی هەڵدەکێشم: «تەواو بوو.»

«دەبێ دانیشم.»

بنباڵی دەگرم. دەمارێک لەژێر دەستمدا دەلەرزێ.

«دانیشە.»

دەسکەکانی ڕەوڕەوەکە بەر دەدا: «سەرمامە...» دادەنیشێ: «ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟»

«چوارشەممەیە. دەبێ بچمە لای کەسێکی تریش.» پەنجەرە دادەخەم.

«تۆ پەلەتە؟»

«بەڵێ پەلەمە.»

«ئەگەر کەسێک پەڵەی بێ، ناتوانێ بنووسێ؟»

«چی بنووسێ؟»

«نامە. ناتوانێ نامە بنووسێ؟»

«نا. ئەگەر کەسێک کاری هەبێ و بە پەڵە بێ، ناتوانێ بنووسێ.»

«بەڵام من کارم نەدەکرد، دەمکرد؟»

«نا، تۆ کارت نەدەکرد.»

«بەڵام مێردم هەبوو، نا؟»

«بەڵێ. مێردەکەشت کارگەیەکی هەبوو. ئێستا چی دەخۆی؟»

«ئەدی وێنە؟ وێنەش ناکرێ بنێردرێ؟»

دەستکێشەکانم دادەکەنم: «ئەمەتا! مەگەر ئەمەی نەناردووە؟» دەستم درێژ دەکەم.

«نا، نەمنارد.»

«دەی باشە.»

لێفەکەی بە سەر خۆیدا دەکێشێ: «بەڵام بە تەما بووم بینێرم.»

«ئێستا دەبێ نانی بەیانیت بۆ بێنم.»

«نامەوێ.»

«خۆ قاوەت دەوێ؟!»

پێیەکانی دەباتە ژێر لێفەکەی: «بیکوژێنەوە!»

کیسە نایلۆنەکە هەڵدەگرم.

«ئەم گڵۆپە بکوژێنەوە!»

تەشتەکە هەڵدەگرم.

«گوتم ئەم گڵۆپە بکوژێنەوە!»

# یازده و پێنج خولەک

«بەیانی باش، کاپتێن!»

پشته گوێی دەخورێنێ: «من... یان تۆ؟»

دەست درێژ دەکەم: «تۆ... کاپتێن!»

دەستی بە ڕۆبە شڕەکەی وشک دەکاتەوە. بزەی دێتە سەر لێو و دەستم دەگوشێ: «ها... ئەمەیان نابێ لە بیر بکەم.»

دەستی دەگوشم: «نا، کاپتێن. نابێ لە بیری بکەی.»

تەماشای خۆی دەکا: «باشە.»

دەڵێم: «بۆم هەیە؟»

«چی بۆت هەیە؟»

«بێمە ژوورەوە؟»

دەستی لە دەستم دەردەکێشێ: «ها... ئەوەشم نابێ قەت لە بیر بچێ.» وەردەچەرخێ و بەرەو ئاوێنەکە دەڕوا، کە سووچێکی پەنجەرەی متبەخی لێوە دیارە.

گڵۆپەکە هەڵدەکەم: «خۆت ناشۆی کاپتێن؟»

لە ئاوێنەدا، برۆ تێک دەنێ: «لەوانەیە...»

«لەوانەیە چی؟»

لووتی بە ئاوێنەوە دەنێ: «لەوانەیە، ئەمڕۆ سێشەممە بێت.»

پاڵتۆکەم دادەکەنم.

پەنجە بۆ حەمام درێژ دەکا: «ئێرە؟»

کلاوبێرییەکەم بە دەستگرەی دەرکەوە هەڵدەواسم: «بەڵێ کاپتێن، ئەوێ.»

«بەڵام... مەگەر ئێمە... یانی من، بە تەمای کوێم؟»

«کاپتێن!... ئەمڕۆ خواردنی خۆشیان هەیە...»

«خواردنی خۆش، زۆر خۆشە...» تاوێک بیر دەکاتەوە: «من خواردنی خۆشم زۆر پێ خۆشە.» تەماشای ددانەکانی دەکا: «لەوانەیە ددانەکانیشم بشۆم.» وەردەچەرخێ و تەماشای سینگم دەکا: «بەڵام...» سەر هەڵدەبڕێ و تەماشای بنمیچ دەکا.

«بەڵام چی کاپتێن؟»

چەکمەجەی ژێر ئاوێنەکە دەکاتەوە. لە شتێک دەگەڕێ. نایدۆزێتەوە.

«شتێکت لێ ون بووە؟»

چەکمەجەکە دادەخا. دیسان دەیکاتەوە. دیسان لە شتێک دەگەڕێ، دیسان نایدۆزێتەوە. دیسان دایدەخاتەوە: «مەگەر لەوانەیە... یانی ماریاش قەرارە بێت؟» تەماشام دەکا.

دەرکەی حەمام دەکەمەوە: «لەوانەیە... بەڵام بێتە کوێ کاپتێن؟»

چەکمەجەکە دەکاتەوە: «ئەو شوێنەی کە لەوانەیە... خواردنی خۆشیان هەبێ.»

«بەڵێ، لەوانەیە...»

چەکمەجەکە دادەخا و بەرەو متبەخ دەڕوا. ڕادەوەستێ و بەرەو حەمام دەگەڕێتەوە: «بەڵام گوڵیش بکڕین؟»

«بەڵێ گوڵیش دەکڕین.»

لەنێو دەرگەدا دەوەستێ. تاوێک خەیاڵ دەیباتەوە و دیسان وەڕێ دەکەوێ. دەستی بە دەسشۆرەکەوە دەگرێ. ڕۆبەکەی دادەکەنێ. دادێتەوە و لێواری بانیۆکە بە دەستی ڕاستییەوە دەگرێ. دەرپێکەی دادەکەنێ و بۆمی درێژ دەکا. دەرپێ و ڕۆبەکەی هەڵدەواسم. پێی چەپی بەرز دەکاتەوە و دەیخاتە ناو

بانیۆکەوە: «دەبێ ڕدێنیشم بتاشم... نا؟» پێی ڕاستی بەرز دەکاتەوە. باسکە گۆشتنەکەی دەگرم. لەسەر چوارپایەکەی نێو بانیۆکە دادەنیشێ. تەماشام دەکا: «لەوانەیە... ها؟...»

«سەداسەد کاپتێن. سەداسەد... لەوانەیە.»

سۆندەی دووشەکە لە دەست دەگرم.

«بەڵام دەبێ سارد نەبێ...»

ئاوەکە شلەتێن دەکەم: «باشە؟»

دەستی وەردەگێڕێ: «کەمێک گەرم و کەمێک سارد، هەردەم باشە.»

سۆندەی دووشەکەم لە دەست دەردێنێ. باڵاپۆشە نایلۆنییەکە لە بەر دەکەم. بە ڕووی تەڕەوە تەماشام دەکا. شامپۆی پێشان دەدەم. سەری دەخاتە بەردەستم. سۆندەی دووشەکەی لێ وەردەگرم. نەختێک شامپۆ بە قژە تەنکەکەیدا دەکەم.

«بیشۆ!»

دەیشوا.

«بیشۆ!»

کەفەکە لە ڕوومەتەکانی هەڵدەسوێ: «ئێستا ئاوی پێدا کە...»

سەر هەڵدەبڕێ. ڕووی پێڵووە کەفاوییەکانی لە من دەکا. دووشی ئاوەکە لەسەر دەموچاوی ڕادەگرم. سەری بادەدا: «لەوانەیە... لەوانەیە بەس بێت.» ئاو بە لەشیدا دەکەم.

دەیەوێ هەستێتەوە.

«بوەستە...» ئاوەکە کەم دەکەم: «لەشت ناشۆی؟»

چاوەکانی هەڵدەگلۆفێ: «گوتم... لەوانەیە بەس بێت.»

ئاوەکە دەگرمەوە. خاولییەکەی دەدەمە دەست: «خۆتی پێ وشک بکەرەوە!...»

خاولییەکە بە قژ و ڕوویدا دێنێ: «کاپتێن!» بێدەنگ پێ دەکەنێ.

قۆڵی دەگرم. هەڵدەستێتەوە. پێی ڕاستی لە بانیۆکە دەردێنێ: «بەڵام...» پێی چەپیشی دەردێنێ: «مەگەر ئێمە... یانی من، پارەمان هەیە؟»

«پارەمان بۆ چییە؟»

لەسەر کاسەی تەوالێتەکە دادەنیشێ: «لەوانەیە، یانی ئەگەر ژنێک داوەتی قاوەخواردنەوە بکەین؟»

«ژنێک؟»

تەماشام دەکا: «ماریا بەڵام بەردەوام پارەی هەبوو...» بیر دەکاتەوە: «وا نەبوو؟»

«وا بوو.» کەفاوی ڕدێنتاشین ڕۆدەکەمە نێو لەپیەوە.

دەست هەڵدێنێ و کەفاوەکە لە ڕوومەتی دەسوێ: «لەوانەیە ئەمڕۆ شیرینیشیان هەبێ، نا؟»

کەفی ناو دەمەکانی مووسەکە وشک بووەتەوە. لەژێر ئاودا ڕای دەگرم: «بەڵام کاپتێن شیرینی بۆ تۆ باش نییە.»

«تۆ دوکتۆری؟»

«نا. من دوکتۆر نیم.» دادێمەوە.

«کەواتە لەوانەیە... ئەوی تریان بووبێ کە دوکتۆر بوو.»

«سەرت هەڵێنە!»

سەر هەڵدێنێ: «ئەوەیان دەڵێم کە باڵایەکی بەرزی هەبوو.»

«جارێ قسە ناکەین کاپتێن. خەریکم ڕدێنت دەتاشم.»

«ئەگەر نەهاتبێت، یانی چووەتە نەخۆشخانە.»

مووسەکە بە گوپیدا دێنم.

«وا نییە؟»

«کاپتێن، گوتم جارێ قسە ناکەین.»

«من قەت ناچم.»

دەست هەڵدێنم.

«من حەزم لێی نییە. یانی حەزم لێی نەبوو. دەزانی؟»

«کاپتێن مەگەر نەمگوت قسە ناکەین؟ خەریکم ڕدێنت دەتاشم.»

هەڵدەستێتەوە. خاولییەکە بە دەموچاویدا دێنێ. پەڵەیەکی بچووکی کەف لای لووتی ماوەتەوە: «تۆ چیت گوت؟»

«گوتم ئەمڕۆ خواردنی خۆشیان هەیە.»

«بەڵام خواردنی نەخۆشخانە... تەنانەت ماریاش حەزی لێ نەبوو.»

«ئەمڕۆ خواردنی سەریساڵیان هەیە. دەبێ ڕدێنت بتاشین...»

«گوڵیش دەکڕین، نا؟»

«بەڵێ. دەبێ ڕدێنت بتاشین و گوڵیش دەکڕین.»

«بەڵام زۆر باش بوو کە ئەوان گوڵیان هێنا. وانییە؟»

«وایە کاپتێن. کارێکی چاکیان کرد کە گوڵیان هێنا. ئێستاش دەبێ ڕدێنت بتاشم و کاتمان زۆر نییە.»

«من هەر لە بیرم چووبوو. لەوانەیە... چونکە بە پەلە بووم. وانییە؟»

«لە بیرمان ناچێ کاپتێن! دڵنیا بە!»

«کەواتە دەبێ پەلە بکەین.»

فڵچەی ددانشوشتن هەڵدەگرێ. تاوێک لێی دەڕوانێ و فڕێی دەداتە نێو دەستشۆرییەکەوە.

«مەگەر ددانەکانت ناشۆی؟» فڵچەکە هەڵدەگرم.

«یانی چونکە دەبێ پەلە بکەین...» ڕۆبەکەی هەڵدەگرێ.

«دەبێ چاکەت و پانتۆڵیش لە بەر بکەی.»

بەرەو دالانەکە دەڕوا.

دەڵێم: «کاپتێن!» فڵچەکە فڕێ دەدەمە نێو دەسشۆرییەکەوە.

بە لای چەپدا پێچ دەکاتەوە.

بەرەو دالانەکە دەڕۆم: «کاپتێن!»

دالان تاریکە و ئاوێنەیش تەنیا سووچێکی پەنجەرەی متبەخ پێشان دەدا.

# یازده و چل خوله‌ک

«واز بێنە!»

قاپە بەتاڵەکەی بەردەمم لادەدەم.

«خۆت دەزانی بۆ دەپرسم. هەر بۆ نموونە: کە دەرکەت کردەوە...؟»

تەپڵەکی جگەرە بە ئانیشکی لادەدا: «دەتوانی بڵێی پشیلەکەم بینی، یان...» قاپەکەی، کە هێشتا دەستی لێ نەداوە، لادەدا: «نەعلەکانی لە بەردەرکە کەوتبوون...» بەرەو پەنجەرە ئاوڕ دەداتەوە.

وێستگەی قەتار بەفری لێ دەبارێ.

«هیچم نەبینی!» لە تەپڵەکی جگەرە دەڕوانێ: «لەوانەشە نەمویستبێ هیچێک ببینم.»

« کە دەرکەت کردەوە؟»

پیرەژنێک بە چەرخدەستییەکەیەوە تێ دەپەڕێ. تەماشای دەکا و پاشان سەیری کاتژمێرێک دەکا، کە بە دیوارەوە هەڵواسراوە.

پشووی نیوەڕۆ، تەنیا دە خولەکی ماوە.

پەنجە بە شووشەی مێزەکەدا دەخشێنێ: «دەزانی؟... ماڵێک کە مردوویەکی تێدا کەوتووە و دەرکە و پەنجەرەکانیشی کڵۆم دراون... بێدەنگییەکی سەیری هەیە. وانییە؟»

«کەوتبووە سەر ئەرز؟»

جگەرەکەی هەڵدەگرێ: «لەنێو پێخەفەکەیدا بوو. دوو- سێ جار بانگیم

کرد. پاشان... هەستم بە بێدەنگییەکی سەیر کرد. وام دەزانی خەریکە دەجووڵێتەوە، کە چاک لێی ورد دەبوومەوە...» تەماشام دەکا.

«ئێ؟...»

شانە لاوازەکانی نەختێک هەڵدێنێ. سەری خوار دەکاتەوە. قژی دەڕژێتە سەر مێزەکە. دوو پیرەمێردی داچەماو بە چەرخدەستییەکانیانەوە تێ دەپەڕن.

سەر هەڵدێنێ: «کە دەستیم گرت وەک سەهۆڵ سارد بوو!»

چەرخەکەی لە گیرفانی قەمسەڵەکەی دەردێنێ. تەماشای دەکا: « تێلیفۆنم بۆ ئێرە کرد، گوتیان وەرە و لێرەوە تێلیفۆنێک بۆ نەخۆشخانە بکە.» جگەرەکەی دادەگیرسێنێ و دووکەڵەکەی بەرەو پەنجەرە دەنێرێ: «دیسان بڵێم؟» تەماشام دەکا.

دەڵێم: «هەر هێندە کە بتوانی بۆ کەسێک بیگێڕیتەوە...»

بە پەنجە، شتێکی نادیار لە سیلەی چاوی دەسڕێتەوە: «نازانم، بەڵام...» دیسان سیلەی چاوی دەسڕێتەوە: «بزانە...» پێ دەکەنێ: «ئەگەر ویستت بنووسیت...» فرمێسکی بە پەنجەی دۆشاومژە دەسڕێتەوە: «ئێستا بیڵێم؟»

«...»

«لێرەوە تێلیفۆنم بۆ نەخۆشخانە کرد. گوتیان دەبێ دە خولەکی دی، لە بەردەرکەی ماڵەکەی بم.»

«دیسان بە تەنیا ڕۆیشتی؟»

«دارەمەیتیان هێنابوو. سێ کەس هاتبوون... کە دەرکەم کردەوە، هاوسێکەی بەرانبەری... دەیناسی؟»

«...»

«سەری لە دەرکەی ماڵەکەیەوە هێنابووە دەرێ.»

«پێت گوت؟»

«مۆمی هێنا. شقارتەی پێ ڕانەدەگیرا و پەیتا پەیتا لە دەستی دەکەوتە خوارەوە... پاشان گریا.»

«نێوانیان خۆش نەبوو. دەتزانی؟»

«پاشان شقارتەکەی فڕێ دا.»

«تۆ داتگیرساند؟»

«من؟» جگەرەکەی خامۆش دەکا: «دەزانی؟ کە نەنکم لە نەخۆشخانە بوو، من منداڵ بووم. شەش – حەوت ساڵان بووم. ڕۆژێک، کە لەگەڵ دایکم چووبووینە سەردانی...» جگەرەیەکی تر لە پاکەتەکەی دەردێنێ: «لە بالکۆنی نەخۆشخانەدا، دانیشتبووین. خوارەوەی بالکۆنەکەش زەریاچە بوو. کە نەنکمم بینی دانیشتووە و چاوی لە فنجانی قاوەکەی بڕیوە، هەر لە ناکاو هەستم کرد دەمرێ. بڕوا دەکەی؟.. هێندە لەو هەستەی خۆم ترسام، کە نەمتوانی ئیدی تەماشای بکەم...» تەماشام دەکا: «بڕوام پێ دەکەی؟»

سەر دەلەقێنم.

«حەزم دەکرد، بەڵام نەمدەتوانی. تۆ لێم تێ دەگەیت؟ تۆ لە سوێدییەکەی من دەگەیت؟»

بەس تەماشای دەکەم.

«ڕۆژی دواتر، کە دایکم بە پەلەپەل جلی لەبەر کردم، هیچم نەپرسی.» چەخماخەکەی هەڵدەگرێ: «بڕوا دەکەی؟» ئەوسا بزەیەکی دێتە سەر لێو، کە تەنیا لێوەکانی لە یەکتری جیا دەکاتەوە: «ئەم شتانە مەنووسە. دەبینی؟ بە گوتنیش ناکرێ.»

تەماشای کاتژمێرەکەی پشت سەری دەکەم. لە دوازدە، نەختێک لای داوە.

دەڵێم: «لاریسا... ئەگەر ئەم قسانەت بنووسمەوە، بۆم هەیە ناوی ڕاستەقینەت بەکار بێنم؟»

بە پەنجەی دۆشاومژە، سیلەی چاوی دەسڕێتەوە: «نا. مەنووسە...» جگەرەکەی دادەگیرسێنێ: «قەت مەنووسە!»

## دوازده و بیست خوله‌ک

تاقمـەددانەکـەی دەردێنـێ. پیـرتر دەبێت و بە دەنگێکی بەرز پێ دەکـەنێ: «هەر ئەوەی ئاوا پێ دەکەنی.» ددانەکانی دەخـاتەوە دەمی و ڕووی دەگەڕێتـەوە سەر باری جاران

دەڵێم: «لە بیرم نییە. یانی نازانم.»

سەر دادەخا، تا لەنێو لەپەکانیدا بگریێ.

دەڵێم: «هەلۆ...!»

دەستـەکانی لەسـەر دەمی لادەدا: «ئاخر تۆ تێم ناگەی... مەبەستم ئەوەیە، بەو شێوەیە پێ دەکەنی، کە من پێ کەنیم.»

«پەلە مـەکـە، لەوانـەیە بێتـەوە بیـرم.» قـاپەکـەی لەسـەر مـێـزەکـە دادەنێم: «ماسییە... هێشتاش گەرمە.»

قاپەکە لادەدا: «ئێستا یانی زانیت؟»

«ئانیتا بوو، نا؟»

«هەر ئەوەی وا پێ دەکەنی کە من پێ کەنیم؟»

لەسەر کورسییەکە دادەنیشم: «هەر ئەوەیان کە قەڵەو بوو؟»

«ئەرێ... هەر ئەوەی کە قەڵەو بوو و پێیەکانی... گەورە بوون.»

«ئەوەیان دەڵێی کە بە چەرخدەستییەوە دەهاتە ڕێستوران؟»

تاوێک بیر دەکاتەوە: «کەواتە ئەویان بوو، نەک ئەوی تریان.»

پەرداخـێکی بەتاڵ لـەسـەر مـێـزەکـە هەڵدەگـرێ و ڕوو لە من بایدەدا. لێی

وەردەگرم. دەچمە متبەخ. شووشەی پەنجەرە هەڵمی لێ نیشتووە. دەست بە هەڵمە ساردەکەدا دێنم. ژنێک لە پەنا گالیسکەی منداڵەکەی و لە وێستگەی پاسدا، ئەم پێ و ئەو پێ دەکا.

«شوکلاتی زۆر دەخوارد.»

بە پەرداخی پڕەوە دێمەوە ژوور: «بەڵێ. شوکلات شتێکی باش نییە.»

«ئێستاش لەوێ و لە پشت هەمان مێزە گوواوییەکە دانیشتوون و خەریکی قومارن.»

پەرداخەکە لەسەر مێز دادەنێم.

هەڵی دەگرێ: «مرۆڤ متمانە بە کێ بکا؟»

«بە تۆیان نەگوت؟»

قومێک لە ئاوەکەی دەدا: «خۆ من ئەوە سێ ڕۆژە نەچوومەتە ئەوێ. ڕۆیشتووم؟»

«نا. بەڵام بۆ کوێ؟»

«ڕێستوران! مەگەر نەساغ نەبووم؟»

«با.»

«دەی؟»

پەنجە بۆ پەرداخەکەی درێژ دەکەم: «نایخۆیتەوە؟»

«دەیخۆمەوە. پەلەم لێ مەکە.»

«خواردنەکەت بێنم؟»

«ئاخر من زیاتر لەوان پارەم دابوو.»

دەچمە متبەخ.

هاوار دەکا: «تێ گەیشتی؟ من پارەم لەوان زیاتر دابوو.»

دەگەڕێمەوە: «نا. یانی بۆچی؟... بۆ شوکلات؟»

«چی بۆ شوکلات؟»

کێرد و چەنگاڵ لەسەر مێزەکە دادەنێم: «پارە... کە دەڵێی زۆرتر لەوانی

ترت دابوو.»

تەماشـای پێڵاوەکانم دەکا: «مـن زیاترم دابوو، بیست کـرۆنم زیاتر دابوو. ئێسـتـاش دەزانم، لە پشت مـێزە گوواوییـەکە دانیشـتـوون و قـومـار دەکەن. کەسـیش نازانێ کێ دەیدۆڕێنێ و کێ دەیباتەوە! بەو حاڵەش بە منیـان نەگوت. چۆنم زانیـبا؟ تۆش پێویست ناکا درۆ بکەیت، سـەد لە سـەد بە هەردوو چاوی خۆت بینیوتە. حاشاش مەکە! بڕوات پێ ناکەم. چونکە من پارەم لە هەموویان زیاتر دابوو. هەر لـەو ژوورە درێژەدا، کە لە تەنیـشت ژووری نانـخـواردنەکەیە. تۆ بینیوتە. ئەرێ سـەد لە سـەد بینیوتە!»

«لەوانەیە... بەڵام تەماشام نەکردووە.»

کێرد لە دەست دەگرێ: «کارتەکانـی یاریکردن هیـی ئەو بوون. نوێ نەبوون، بەڵام هەرچۆنێک بێت هیی ئەو بوون. بەس ئێرەیان کەمێک دڕابوو...»

مـاسـی و پەتاتە دەخـەمـە نێـو قـاپەکەی. چـەنگاڵەکەی لە مـاسـییـەکەی نزیک دەکاتەوە: «دەبێ بیخۆم؟»

«برسیت نییە؟»

چەنگاڵەکەی لەسـەر مێز دادەنێ: «سـەد لە سـەد بە پەلەشیت!»

«بڕوانە...» بـە دوای وشــەدا دەگــەڕێم: «پەلەم نیـیــە. بەڵام دەبێ خــواردنـی ئەوانـی تریش ببــەم. تـەمــاشــا...» دەست بۆ عــەلاگــەکــان درێژ دەکــەم، کــە خواردنیان تێدایە و لە تەنیشت دەرکەی متبەخ دامناون.

«ئەدی بۆ ئـەوانی تر چاوەڕێی منیـان نەکـرد؟ خـۆ مـن نەمـدەویست نەسـاغ بکەوم؟ ئێستاش لە ژووری نانخواردندا، کە خواردنەکانیشـی هیچ خۆش نین، دادەنیشن و یانی نازانـن هیچ کەس حەز ناکا نەساغ ببێ. هیـچ کەسـیش حەز ناکا بمرێ. بەڵام دەیانتوانی پێم بڵێن. یانـی بە تێلیـفۆن پێم بڵێن. ئەویش... گوتت ناوی چی بوو؟»

«کێ؟»

«هەر ئەوەی کە...» دەستەکانی لێک دەکاتەوە.

«ئانیتا؟...»

«ئەرێ... یان هەر کەسێکی تر! نەیدەویست. یانی ئەگەر بیزانیبا بە من نالێن، سەد لە سەد نەیدەویست. بە تایبەت ئەگەر بیزانیبا من نەساغ کەوتووم. تێ دەگەی؟»

«بەڵێ. بەڵام دەبێ خواردنەکەت بخۆی. منیش دەبێ بڕۆم.»

چەنگاڵەکەی لە پەتاتەکە ڕادەکا: «ئێستا چۆن بزانم گوڵیان کڕیوە؟» چەنگاڵەکەی فڕێ دەدا. بە لێواری قاپەکە دەکەوێ و پاشان دەکەوێتە بن مێزەکە: «سەد لە سەد نەیانکڕیوە. ئەگەریش کڕیبێتیان، نەیانبردووە.»

سەری دادەخا و تەماشای بن مێزەکە دەکا: «کێ دەیبا؟ ها؟...» سەر هەڵدێنێ: «بەس من بووم کە قاچی ڕۆیشتنم هەبوو.» هەردوو قاچی لادەدا.

چەنگاڵەکە هەڵدەگرمەوە: «بەڵێ. بەڵام دەبێ خواردنەکەت بخۆی!»

«چەنگاڵم نییە، بە چی بیخۆم؟»

«دەڕۆم چەنگاڵێکی خاوێنت بۆ دێنم.»

«تۆ خۆت متمانە بە کەس دەکەی؟ نایکەیت! پێویستیش ناکا درۆ بکەیت.»

دەچمە متبەخ.

وێستگەی پاس هیچ کەسی لێ نییە.

# سێزده و پێنج خوله‌ک

«وا هاتم. ئێستا دەیکەمەوە.»

لەسەر پلیکانەکان ئەم پێ و ئەو پێ دەکەم. دەزانم گۆچانەکەی دەستاودەست دەکا و تا قورساییەکەی دەخاتە سەر پێیەکەی تر، شتێک دەڵێ.

«تۆ کێیت؟»

«لە ماڵی پەککەوتەکانەوە هاتووم.»

«چی؟»

«خواردنم هێناوە.»

ئێستا قورساییەکەی خستووەتە سەر پێیەکەی تر و دەست هەڵدێنێ.

گۆچانەکەی بە دەرکەکە دەکەوێ: «کوێ؟»

دیسان دەیڵێمەوە.

دەرکە دەکرێتەوە.

دەڵێم: «ئەم کاتەت باش.»

شەویلگەی دەجووڵێتەوە. ڕادەوەستم تا چاک لێم ورد بێتەوە، گۆچانەکەی دەستاودەست دەکا و کەمێک دەکشێتە دواوە.

«دەبێ پووشەکەکەشت بگۆڕم.»

پشت بە دیوارەوە دەنێ: «ئاودەستخانە؟»

«بەڵێ.»

«بەڵێ.» قورسایی خۆی دەخاتە سەر گۆچانەکەی و بەرەو ئاودەستخانە دەڕوا.

چوارچێوەی وێنەیەک کە بە دیوارەوە هەڵواسراوە، دەلەرێتەوە. بە دەست ڕای دەگرم. پیاوێک لە جلوبەرگی سوپاییدا برۆی تێک ناون. دەست هەڵدەگرم. بە لاری دەمێنێتەوە. بۆنی میز و گوو و شتێکی تر، کە نازانم چییە، هەناسەم ترش دەکا.

پیرەژن لە پشت مێزی متبەخەوە سەرەتاتکێ دەکا. بە دالانەکەدا تێ دەپەڕم. تەماشام دەکا.

«سلاو.»

«سلاو.»

خواردنەکە لەسەر مێز دادەنێم: «باشی؟»

گنج دێنێتە سەر لووتی: «من؟ ئا...» بە چەنە ئاماژەی ئاودەستخانە دەکا: «بەلام...» برۆی لار دەکا: «ئەو... نا!»

سەر دەلەقێنم.

دەنگی نزم دەکا: «ئەدی چی لێ هات؟»

«چی؟»

پالتۆکەم لەسەر ملی کورسی دادەنێم: «ئێستا دەیهێنم.»

دەچمە ژووری خەوتن. پووشەکەکە لەژێر تەخت دەردێنم. دەستەوانەی نایلۆنی لە دەست دەکەم. دەگەڕێمەوە نێو دالانەکە.

«لێرەم!» هەردوو دەستی لەسەر لێوارەکانی دەستشۆرەکە داناون.

«ئامادەی؟»

خیزەی سینگی دێ.

پووشەکەکە لەسەر کاسەی ئاودەستخانەکە دادەنێم. بێجامە چڵکنەکەی دادەکێشم. دەرپێ لاستیکییەکەی دادەکێشم. پووشەکەکەی، بێ ئەوەی تەماشای بکەم، دادەکێشم. هەوڵ دەدەم هەناسە نەکێشم. مشتێ کلێنیکس

هەڵدەگرم و نێوگەڵی پاک دەکەمەوە. مشت مشت کلێنیکس هەڵدەگرم و هەر جارەی کلێنیکسەکان دەخەمە نێو سەتڵی زبڵەوە، تەماشایان دەکەم تا کەمڕەنگ و کەمڕەنگتر دەبن. پووشەکی خاوێن دەخەمە نێوان ڕانەکانیەوە، کە خەریکن هەڵدەلەرزن: «ئەمەیان بگرە!» دەیگرێ. لێوارەکانی هەڵدەکێشم. دەرپێکەی هەڵدەکێشم. بێجامە چڵکنەکەی هەڵدەکێشم. پشتم ڕاست دەکەمەوە. هەناسەم چک بووە. شێرەی ئاو دەکەمەوە.

لە ئاوێنەدا چاوی لە بنمیچ بڕیوە.

«تەواو؟»

«وابزانم بەڵێ.»

دەستەوانەکان تووڕ دەدەمە نێو سەتڵەکەوە. دەستە ئارەقاوییەکانم لەژێر ئاودا ڕادەگرم.

«خواردنیشم هێناوە.»

تەماشام دەکا.

شێرەی ئاوەکە دەگرمەوە. بەرەو متبەخ دەڕۆم.

پیرەژن جگەرەکەی لە تەپڵەکدا خامۆش دەکا: «تۆ چیت گوت؟»

پاڵتۆکەم هەڵدەگرم: «گوتم چاک دەبێ.»

«چی چاک دەبێ؟» برۆکانی هەڵدێنێ.

«دەڕوا! هێندەی نەماوە»

دەنگی نزم دەکا: «ئەرێ؟...» بە سرتە دەڵێ: «بۆ کوێ؟»

بەسەر گوێیدا دادێمەوە: «خۆت دەزانی.»

بەرەو دالانەکە سەرەتاتکێ دەکا: «کەی؟» دیسان تەماشام دەکا.

هەردوو پەنجەی دەستی ڕاستم لەبەر چاوەکانی ڕادەگرم.

«ئەوە چی دەڵێی؟» زەرفەکانی خواردن لادەدا.

تەقەی گۆچان دەبیسرێ. ئەو پێنووسە هەڵدەگرم، کە لەسەر ڕۆژنامەیە. لە سووچێکی ڕۆژنامەکە دەنووسم: «دوو ڕۆژی تر دەگوێزرێتەوە نەخۆشخانە.»

ڕۆژنامەکە هەڵدەگرێ و لە چەنەیەوە نزیکی دەکاتەوە: «چاویلکەکەم کوا؟»

لەسەر مێزەکەیە. هەڵی دەگرم و دەیدەمە دەستی. لە چاوی دەکا. لێوەکانی دەجووڵێنەوە.

سەری بەرز دەکاتەوە: «هەر بە یەکجاری؟»

تەقەی گۆچان نزیکتر دەبێتەوە. نووسراوەکەم ڕەش دەکەمەوە. ڕووی گەش دەبێتەوە و هەر لە ناکاو گنج دەکەوێتە سەر لووتی. بە برۆ ئاماژەی پشت سەرم دەکا. خۆم لادەدەم.

«کارێکی ترتان نییە؟»

پیرەمێرد گۆچانەکەی بە ملی کورسییەکەوە هەڵدەواسێ. وەردەچەرخێ و دەست بە لێوارەکانی مێزەکەوە دەگرێ: «نا!... بەڵام...» سەبر سەبر دادەچەمێ و لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ: «من گۆچانەکەم ون بووە.»

«گۆچان؟»

«هەر لەمماڵەدا ون بووە.»

دەست بۆ ملی کورسییەکە درێژ دەکەم: «ئەمەتا...»

«ئەمەیان...» ئاوی دەمی قووت دەدا: «هیی من نەبوو. یانی...» دەکۆکێ: «یانی دەستم خووی بەوەوە گرتووە.»

پاڵتۆکەم لەبەر دەکەم.

«تێ دەگەی من چی دەڵێم؟...» تەماشای پیرەژن دەکا.

پیرەژن پاکەتی خواردنەکەی کردووەتەوە و خەریکە بە چاو لە چەنگاڵ دەگەڕێ.

# سێزده و پەنجا خولەک

ڕادەکشێ و چاو لە میچ دەبڕێ.

«یەک... دوو...»

تنۆکێک دەتکێنمە نێو چاوی چەپیەوە: «سێ!»

لێواری سەر مێزەکە ساف دەکەم و قەترەی چاو لە ڕۆخ شکۆفە وردەکانی سەر چەرچەفەکە دادەنێم، کە بە وردی درواون.

پشت ڕاست دەکاتەوە. دەستی دەگرم. لەسەر تەختەکەی دادەنیشێ. تەماشای ئەملا و ئەولا دەکا: «ئەدی فرێدریک لە کوێیە؟»

«فرێدریک؟»

پێ دەکەنێ: «ئادی. هەر لێرە بوو. بزانە لەژێر تەختەکە نییە؟»

«لەژێر تەخت؟» دادێمەوە. لێواری چەرچەفەکە لادەدەم. تاریکە: «لێرە نییە. یانی نایبینم.»

«باش لێی بگەڕێ!» دەست بۆ چرای سەر مێزەکە دەبا: «بەمە تەماشای بکە!» ئاماژەی سووچی تەختەکە دەکا، کە بە دیوارەوە نووساوە: «لەوانەیە لێرەوە کەوتبێتە خوارەوە.»

چرای سەر مێزەکە هەڵدەکەم. چەرچەفەکە لادەدەم. دەستم دەچێتە ژێر تەخت و بە گۆچانێکەوە دێتە دەر: «ئەمەیان دەڵێیت؟» پێشانی دەدەم.

«ئادی. ئەمە فرێدریکە. بمدەرێ.» وەری دەگرێ.

چرا لەسەر مێز دادەنێم.

«مەیکوژێنەوە!»

«خواردنەکەت گەرم بکەمەوە؟»

«خواردوومە. نیو سەعاتێک بەر لە ئێستا.»

«قاوە ناخۆیەوە؟»

«خواردوومەتەوە... نیو سەعاتێک بەر لە ئێستا خواردوومەتەوە.» تەماشام دەکا: «ڕۆژنامەی ئەمڕۆت بینیوە؟»

«هیی ئەمڕۆ؟ نا.»

«لەوێیە... نا! بڕۆ بیهێنە و وەرە دانیشە.» سەری گۆچانەکەی لەسەر ئەرز دادەنێ: «دەتوانی؟» دەستی سپی و پڕ لە ڕەگە شینەکانی لەسەر کەوانەی گۆچان دەکاتە مشت.

بەرەو متبەخ دەڕۆم. گوڵدانی شین و بچووک لەسەر لێواری پەنجەرەکە ڕیز کراون. گوڵی سێپەڕەی سووریان گرتووە. ڕۆژنامە لەسەر مێزەکەیە. هەڵی دەگرم. ئەودیوی گوڵدانەکان پەنجەرەیە، پشت پەنجەرەیش دارستانە و لقی درەختەکان لەژێر بەفردا چەماونەتەوە.

دەگەڕێمەوە: «ئەمەیە؟»

وەری دەگرێ: «لەسەر مێزەکە بوو؟» گۆچانەکەی لەسەر تەخت دادەنێ.

«بەڵێ.»

لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە.

ژوور گەرم و ڕووناکە. وێنەی ئافرەتێک لەسەر مێزەکەیە. دەمێکی بچووک و جوانی هەیە، خەریکە پێ دەکەنێ.

«ئەمە وێنەی خۆتە؟»

تەماشای ناکا: «کچەکەمە...» ڕۆژنامەکەیم بۆ ڕادەگرێ: «خۆت بیدۆزەوە. نا» دەستی دەکێشێتە دواوە و لاپەڕەیەک هەڵدەداتەوە: «ها.. ئەوەتا!... ئەمەت خوێندووەتەوە؟»

«نا.»

«بیخوێنەوە!»

ڕۆژنامەکەی لێ وەردەگرم. بە خەتێکی درشت نووسراوە: «خۆشەویستی هیچ پێوەندییەکی بە تەمەنەوە نییە.»

«وتارە؟»

«ئادی.»

وا پێشان دەدەم کە خەریکم بە وردی دەیخوێنمەوە.

«پەلە مەکە، دەتوانی دواتر بیخوێنییەوە.» گۆچانەکەی لەسەر ڕانی دادەنێ: «با بۆ خۆت بێ. من خوێندوومەتەوە. تۆش بیخوێنەوە.»

ڕۆژنامەکە وەلا دەنێم: «باشە! هیچت پێویست نییە؟»

«نا!... قاوەم خواردووەتەوە.» گۆچانەکەی درێژ دەکا: «دەتوانی ئەو دۆلابە بکەیتەوە؟»

دەرکەی دۆلابەکە دەکەمەوە.

«خواری خوارەوە. ئەو ڕۆژنامەیە لادە...»

ڕۆژنامەکە لادەدەم.

«زەرفێک لەوێیە لە خواری خوارەوە.»

«ئێ؟...» زەرفەکە دەبینم.

«بمدەرێ...» گۆچانەکەی بە لێواری تەختەکەوە هەڵدەواسێ. لێمی وەردەگرێ: «ئەمانە پارەی منن.» دەیکاتەوە و پێشانمی دەدا.

«ئێ؟»

پارەکان دەخاتەوە شوێنی خۆیان. زەرفەکە دادەخا: «ئێستا بیخەرەوە شوێنی خۆی.» دەستی درێژ دەکا.

لێی وەردەگرم.

«دەرکەی دۆلابەکەش داخە.»

دایدەخەم.

«ئێستا بەس من و تۆ دەزانین.»

پێ دەکەنم: «چی دەزانین؟»

«کە پارەکانم لە کوێ داناون.»

«بۆچی دەبێ بزانم؟»

پێ دەکەنێ: «فرێدریکیش دەزانێ...»

«بۆچی؟»

«چونکە دەبێ کەسێک هەبێ کە مرۆ متمانەی پێ بکا.» چاو دەگێڕێ: «لە کوێیە؟»

«چی لە کوێیە؟»

«فرێدریک!»

دەڵێم: «ئەوەتا. تۆ خۆت بێرەوە هەڵت واسیوە!»

دەڵێ: «با هەر لەوێ بێ.» و بزەیەک لە ڕووی دەنیشێ.

# چوارده و پازده خوله‌ک

لە دەرکە دەدەم.

« لە دەرکە مەدە.»

دەرکە دەکەمەوە.

«هەموو ڕۆژێک دەبێ بڵێم لە دەرکە مەدە...»

«سڵاو.»

نێوچەوانی تێک دەنێ.

«باشی؟»

«بۆ دەپرسی؟»

«نابێ بپرسم؟»

ڕوو لە پەنجەرە، چاو دەترووکێنێ: «سەعات چەندە؟»

تەماشای سەعاتەکەم دەکەم.

وەردەچەرخێ: «پێویست ناکا قسە بکەی! من سەعات یەک خواردن دەخۆم، نەک ئێستا!» کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆنەکە هەڵدەگرێ: «خەریکم تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەم.» پەنجە بە دوگمەیەکی کۆنترۆڵەکەوە دەنێ.

«ئەمەش ڕۆژنامەکەت!» ڕۆژنامەیەک لە زەرفە نایلۆنییەکەوە دەردێنم.

تەماشای ناکا.

«خواردنەکەت دەبەم لە مەتبەخ دادەنێم!» هەروا کە بەرەو مەتبەخ دەڕۆم، ڕۆژنامەکە لەسەر مێزەکەی بەردەمی دادەنێم.

«بۆ کوێ؟»

دەگەڕێمەوە.

دەستەکانی بە پەنجە چرچ و پڕ لە گرێکانیەوە لەسەر دەسکی کورسی داناون.

دەڵێم: «ئەدی نابێ خواردنەکەت ببەم لە متبەخ دایبنێم؟»

ڕووی گرژ دەکا: «زبڵەکەش دەبێ فڕێ بدەیتە دەرەوە. دوو کیسەن. هەموو ڕۆژێک دەبێ بیڵێم. دوو کیسەن. جا ئەوە سێ سەعاتە چاولەڕێم... جا دەبێ تەختەکەم بۆ خاوێن بکەیەوە. جا ئەگەر نەیڵێم، نایکەیت. جا ئەگەر بڵێم ئێستا سەعات چەندە؟... ئەرێ سەعات چەندە؟»

«دەکرێ دەنگی تەلەڤزیۆنەکەت نەختێ کەم بکەیتەوە؟»

«نەخێر!... هەر کات حەزتان لێ بوو خواردنەکەم دێنن، تا هەر کات حەزتان لێ بوو، بیبەن و لەسەر مێزی متبەخەکەی دابنێن.» دێر بە دێر دەنگی هەڵدەچێ: «جا مرۆڤ بێ تاقەت دەبێ. ئێوەش لە جیاتیی ئەوەی ئەرکی سەرشانتان بەجێ بێنن و لە کاتی دیارکراودا بێنە لام، هەر کات حەزتان لێ بوو، دێن و ڕادەوەستن و پێم دەڵێن: بیکوژێنەوە! دەنگی کەم بکەرەوە! ئەوە چییە؟ ئەمە چییە؟ نەخێر ناتوانم!» و دەنگی تەلەڤزیۆنەکە کپ دەکا.

«بۆ هاوار دەکەی؟ خۆ کەڕ نیم!»

«نەخێر کەڕی! هاواریش دەکەم. هەر کاتیش خۆم حەزم لێ نەبێ، هاوار ناکەم. تۆ بۆت نییە بڕیار بدەیت کەی هاوار نەکەم...» هەناسەی چک دەبێ: «پێم دەڵێ بۆت نییە هاوار بکەی!...» بەندی مەمکدانەکەی ڕێک دەخا: «من دەپرسم سەعات چەندە، ئەوسا...» دەکۆکێ: «لەگەنەکەش لەژێر تەختەکەیە. تەخت و چەرچەفەکانیش دەبێ ڕێکوپێک بکەی. قاوەشم هێشتا نەخواردووەتەوە. سەعات چوار دێن...» بەتانییەکەی هەڵدێنێ و پێی دادەپۆشێ و لە تەلەڤزیۆنەکە دەڕوانێ.

دەچمە متبەخ. خواردنەکەی لەسەر مێزەکە دادەنێم. هەر لەوێوە تەماشای دەکەم. ڕوو لە تەلەڤزیۆن دانیشتووە و سینگی بەرز و نزم دەبێتەوە. ژنێک

جلی خەوی پۆشیوە و خەریکە بە تێلیفۆن ژمارەیەک دەگرێ. سەری بەرز دەکاتەوە و قژی بەرەو پشت گوێی دەبا. لەسەر لێواری مێزەکەی بەردەمی دادەنیشێ. لێوەکانی دەجوولێنەوە. پیاوێک لەلایەکەی ترەوە، بیستۆکی تێلیفۆنی بە چەنە و لاملی ڕاگرتووە و خەریکە پەرداخەکەی بەردەستی پڕ دەکا لە شەراب.

وەردەچەرخێ و تەماشام دەکا: «بۆچی تەماشام دەکەی؟»

بزە دێنمە سەر لێوم.

«بۆ پێ دەکەنی؟»

دێمەوە نێو ژوورەکە: «فیلمەکەی خۆشە؟»

«چوزانم؟» ڕوو وەردەگێڕێ: «من بەس تەماشا دەکەم!» هاوار دەکا: «تۆش لە جیاتیی ئەوەی سێ سەعات درەنگ بێیت و سەعات ببێتە چوار و نیو و بەس ڕاوەستیت و تەماشای من و تەلەڤزیۆن بکەیت، کاری خۆت بکە! ئەوە سەعات چوار و نیوە... کەچی هێشتا...»

دەڵێم: «نا! نا! نا! سبەینێ هێلکە و تەماتەی برژاویان هەیە، نەک ئەمڕۆ!»

تەماشام دەکا: «بەڕاست؟... کەواتە ئەمڕۆ هێلکە و تەماتەی برژاویان نییە! جاری پێشوو کە تۆ نەهاتبوویت... نا... ئەو کچە بوو... ناوی چییە؟ هەر ئەوەی...» پەنجەی دۆشاومژەی بەرەو پەنجەرە دەلەقێنێ: «خواردنەکەمی درەنگ هێنا. هەمووتان درەنگ دێن! هەمووتان بەس دەزانن سەعات چوار و نیو بێن. هەمووتان خواردنەکەم درەنگ دێنن.»

قۆڵەکانم هەڵدەماڵم.

تەماشای دەستم دەکا: «خواردنی ئەمڕۆ چییە؟»

«بڕوانە! سەعات دوو و بیست خولەکە.»

«سەعاتەکە لەوێیە.» بە چەنە ئاماژە بۆ لای تەلەڤزیۆنەکە دەکا.

سەعاتێک لەسەر تەلەڤزیۆنەکە دانراوە. شووشەکەی درزی بردووە. میلە بچووکەکەی لەسەر سەعات چوارە و خولەکژمێرەکەیشی لەسەر شەش ڕاوەستاوە.

سەعاتەکە هەڵدەگرم: «ئەم سەعاتە شکاوە. کار ناکا!»

«خۆتان کار ناکەن.» ئاوی نێو دەمی قووت دەدا: «ئێوە نازانن کار بکەن. هیچ کامتان نازانن کار بکەن. ئەمڕۆ تێلیفۆنم بۆ چەند کەس کرد. تەنانەت تێلیفۆنم بۆ خوشکیشم کرد... گوتیان بەس ئەم ناوچەیە وایە... بەس ئێوەن کە نازانن کار بکەن...»

سەعاتەکە لە شوێنی خۆی دادەنێمەوە.

دەنگی تەلەڤزیۆنەکە زیاد دەکا.

«ئەم مۆسیقایە خۆشە، وانییە؟ حەز دەکەی سەما بکەین؟» دەست درێژ دەکەم.

دەستی دەخاتە سەر سینگی: «من؟! لەگەڵ تۆ؟... هەر باسیشی مەکە!... من سێ دەزگیرانم هەبوون. بەڵام شووم بە یەکیان کرد، بەڵام...»

«سەما نازانیت؟» هێشتا دەستم نەکێشاوەتە دواوە.

«سەما؟!... لەگەڵ تۆ؟ هەرگیز! پێم گوتی... پێیەکانیشم...» ئاماژە بۆ قژی دەکا. بە دەست نەختێک ڕێکی دەخا و ئاماژە بۆ دەستم دەکا، کە بیکشێنمە دواوە.

دەستم دەکشێنمە دواوە و ئاماژە بۆ وێنەیەک دەکەم، کە لەسەر دۆڵابەکە دانراوە: «شووت بەمەیان کرد؟»

پیاوێک قولاپی ماسیگرتنی بە دەستەوەیە و پێ دەکەنێ.

«ئەمەیان؟...» دەست بۆ وێنەکە درێژ دەکا: «بەڵێ! یانی نازانم، ئەمەیان... نا ئەمە ئەوی تریان بوو. دەزانی؟ لەوانەیە پێتم گوتبێ. نا... بە کەسی ترم نەگوتووە. ئەم شتانە بە هەموو کەس ناگوترێن. منیش نابێ بیانڵێم. تۆش... مەبەستم ئەوەیە، تۆ بەس دەبێ ئەرکەکانی خۆت بەجێ بێنی، نەک ئەوەی چوار سەعات درەنگ بێیت و منیش لە برسان دانیشم و تەماشای تەلەڤزیۆن بکەم. ئادی، وابزانم ئەمەیان بوو، بەڵێ! بەس حەزی لە پیاو بوو.» تەماشای تەلەڤزیۆن دەکا: «من دواتر زانیم...»

ژنێکی گەنج، چاکەت و تەنوورەیەکی شینی لەبەرە و لە تەنیشت نەخشەی

جیهان ڕاوەستاوە. دارێکی بە دەستەوەیە و ئاماژەی سەروو و خوارووی نەخشەکە دەکا.

«گوتی پازدە لەژێر سفرە؟»

نەمبیستووە: «بەڵێ. ئەمڕۆ زۆر ساردە!»

«ساردە؟ ئەدی کوا خواردنەکەم؟ تۆ ئەرکەکانت بەجێ ناهێنی. شیرت لە سەهۆڵدانەکە دەرهێنا؟ نا! پێخەفەکەمت ڕێک کرد؟ نا! خواردنەکەمت لەسەر مێزەکە دانا؟... چەند جار دەبێ بیڵێم؟ دەبێ لەسەر مێزەکەی دابنێیت. دەبێ پەرداخەکەش لەسەر مێزەکە دابنێیت. ئەوە سەعات بوو بە چوار و نیو و هێشتا هەر قسە دەکەی.»

«باشە. کەواتە شووت بە مەیان نەکرد؟»

تەماشای وێنەکە دەکا: «شوو؟... وابزانم ئەمەیان بوو. چونکە بەس ڕۆژێک ئەڵقەی لە پەنجە کرد. هەر خەریکی کوڕی گەنج بوو. بەڵام مرۆڤێکی باش بوو، چونکە زوو مرد. پێم وایە... ئادی... ئەمەیان بوو. ئەمەیان مەگەر فیلیپ نییە؟ نازانم. بەهەرحاڵ، ئەڵقەکەی لەوێیە.» گۆچانەکەی بەرەو دۆڵابێک درێژ دەکا: «لە چەکمەجەکەی خوارەوەدا...» بەتانییەکەی ڕادەکێشێتە سەر پێیەکانی: «ئیشی نەدەکرد. ئێوەش ئیش ناکەن. ئەو کوڕە ئەفریقیاییە هەر هیچ ئیش ناکا. ئەدی تەشتەکەت بەتاڵ کرد؟ مەگەر نابێ ئیش بکەن؟... هیچ ئیشێک ناکەن. بۆ لێم دەڕوانی؟»

«ئێستا دەچم بەتاڵی دەکەم.»

«نابێ شیرەکەش لە بیر بکەی. پێخەفەکەمت ڕێک کرد؟... دەبێ تەنەکەی زبڵەکەش فڕێ بدەیت...» دەنگی تەلەڤزیۆن زیاد دەکا.

پاپانۆئێلێکی قەڵەو، بە قژ و ڕیشی سپی و کڵاو و جلوبەرگی سوورەوە و لە شەوێکی بەفراویدا بەرەو ماڵێک دەڕوا، کە ڕووناکییەکی شین لە پەنجەرەکەیەوە کەوتووەتە سەر بەفرەکە.

بە داڵانەکەدا دەڕۆم. دەرکەی ژووری خەوتن دەکەمەوە. تەشتێک سەر بەرەوژێر کەوتووە و ژوورەکە پڕە لە گوو.

# پازده و ده خوله‌ک

«ئەمەش کەوچک!»

بە دەستی چەپ لێواری قاپەکە دەگرێ: «سارد نەبووەتەوە؟»

«نا.»

برنجەکە لە سووچێکی قاپەکە کەڵەکە دەکاتەوە. کەوچکەکەی لە برنج ڕۆ دەکا و سەری بەرز دەکاتەوە: «چراکە داگیرساوە؟»

سەر ڕادەوەشێنم.

«داگیرساوە؟»

«بەڵێ داگیرساوە.»

«سەعات چەندە؟» کەوچکەکەی بۆ دەمی دەبا.

قۆڵەکانی کراسەکەم هەڵدەکەم. هەروا کە خەریکە خواردنەکەی دەجوێ، دەستی چەپی هەڵدێنێ. قۆڵی بلوزە کۆنەکەی هەڵدەماڵێ. پەنجە دەخاتە سەر شتێکی خڕی ڕەش، کە بە مەچەکیەوەیە: «پازدە و دوازدە خولەک و بیست و سێ چرکە. پازدە و دوازدە خولەک و...»

قۆڵی دادەداتەوە: «تۆ خەریکیت تەماشام دەکەیت؟»

شان هەڵدەتەکێنم.

لێم ڕادەمێنێ: «ئەرێ؟...»

«نا!»

ڕوو وەردەگێڕم.

چرای بالکۆن داگیرساوە. مۆمەکانی ماڵی دراوسێ چاو دادەگرن.

وەردەچەرخێم.

دەستی لەسەر مێزەکە دەگەڕێ.

پەرداخی شیر هەڵدەگرم و دایدەنێمە بەردەستی.

هەڵی دەگرێ: «گوتت چراکە داگیرساوە؟»

«بەڵێ داگیرساوە.»

«تۆ هەر ئەو کەسە نیت، کە ژنەکەی خەڵکی ئەمەریکای لاتینە؟» دەیخواتەوە.

«نا. ئەو لە پشوودایە.»

«تۆ پشوو وەرناگریت؟» بە پشتەدەست، دەمی پاک دەکاتەوە.

هەڵدەستمەوە: «جارێ نا...»

سەعاتێکی کۆن لە شێوەی دۆڵابێک و لە تەنیشت پەنجەرە دانراوە. سەعاتەکە گوایە سەردەمێک سپی بووە. میلی سەعاتژمێرەکەی کەمێک لە یازدە لای داوە و خولەکژمێرەکەیشی لەسەر چوار ڕاوەستاوە. چرکەژمێر دەلەرێتەوە. هەر جارەی کە دەیەوێ بچێتە پێشەوە، نەختێک دەکشێتەوە، دەلەرزێ، هەوڵی بازدان دەدا، دەڵێی ناتوانێ... و... باز دەدا.

«تۆ بە پەلەیت؟»

ڕووم وەردەگێڕم.

سپیاییەکی کاڵ بەرەو گۆنای پڕ لە لۆچی ڕۆیشتووە.

«نا...» لە وشە دەگەڕێم: «نا. پەلەم نییە...»

«وام زانی بە پەلەیت.»

«پەلەم نییە.»

« لە تەنیشت تەختەکەوە داتنا؟»

«چی؟»

«گوێت لێ بوو چیم پرسی؟»

«بەڵێ. بەڵام چی؟»

«حەبەکان...»

«بەڵێ دامناون.»

«لەگەڵ پەرداخێک ئاو؟»

«ئێستا دەیبەم.»

پەرداخەکە لەژێر شێرەی ئاو ڕادەگرم. پڕ دەبێ. دەگەڕێمەوە ناو داڵانە سارد و سپییەکە. هیچ وێنە و چوارچێوەیەک بە دیوارەکانیەوە هەڵنەواسراوە. چرای ژووری خەوتن پێ دەکەم. مەمکدانێکی کۆن لەسەر تەختەکە بەجێ ماوە. پەرداخەکە لە تەنیشت حەبەکان دادەنێم. سەرپۆشی سەتڵی تەوالێتەکە هەڵدێنمەوە. بۆنی گوو، بەڵام بەتاڵ. دەگەڕێمەوە. شانم بە لێواری دەرکەی متبەخەوە دەنووسێنم.

«داتنا؟»

«بەڵێ.»

پشت بە دیوارەوە دەنێم. هەموو شوێنێک تاریک دەبێ. دەنگی خزانی کەوچک لە قاپدا دێ. وەردەچەرخێم تاکو پەنجە بخەمە سەر پلاکی گڵۆپەکە. پەشیمان دەبمەوە. لە شوێنی خۆم ڕادەوەستم. کلووە بەفرەکان بەر شووشەی پەنجەرە دەکەون. پشت لە مۆمەکان، دانیشتووە. هانکەهانکی هەناسە و دەنگی جوین و قووتدان، دەبیسترێ.

«گوتت بە پەلەیت؟»

نابێ دەنگم بلەرزێ: «نا.»

«لە کوێی؟»

«لێرەم!» پلاکی گڵۆپەکە دادەگرم. هەموو شوێنێک ڕووناک دەبێتەوە.

«شیرت دەوێ؟»

خێراخێرا کەوچکەکەی بۆ دەمی دەبا: «بەتاڵ بووە؟»

تەماشای پەرداخەکەی دەکەم: «بەڵێ.»

شیرەکە لە سەهۆڵدانەکە دەردێنم. پەرداخەکەی پڕ دەکەم. هەڵی دەگرێ. شیرەکە دەخەمەوە شوێنی جارانی.

«گوتت چراکە داگیرساوە؟»

«بەڵێ داگیرساوە.»

«تۆ خەریکیت تەماشام دەکەیت؟»

«نا.»

لەسەر کورسییەکە دادەنیشم. سینگ بە مێزەکەوە دەنێم. خۆم بە پێچکەی مێزەکەوە خەریک دەکەم. بە برغوو لە پانتاییی مێزەکە قایم کراوە. برغووەکەی بە دوو پەنجە دەگرم. هەوڵ دەدەم بە لای خۆمدا بیسووڕێنم. ناسووڕێ. تینی بۆ دێنم. نەختێک دەسووڕێ. خواردنەکەی دەجوێ و قووتی دەدا و دەنگی هەناسەی دێ. برغوو دەسووڕێ. بە ئاسانی دەسووڕێ و دەکرێتەوە. خەریکە بەربێتەوە. بە پێچەوانەوە دەیسووڕێنم. دادەخرێ. دیسان دەیکەمەوە. دیسان دایدەخەمەوە. دیسان دەیکەمەوە... بەر لەوەی بەربێتەوە، بە پێچەوانەوە دەیسووڕێنم.

«پەلەتە؟»

«نا.»

# شازده و پێنج خوله‌ک

تارمـاییـیـەکـی گـەورە، لەوبەری شـەقـام ڕاوەسـتـاوە و گـیـرفـانـەکـانـی خـۆی دەپشکنێ. تا دەگەمـە شـوێنی پەڕینەوەی ڕێبـواران، چەند جـارێک بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە. لە شەقام دەپەڕمەوە.

هەڵدەگەڕێتەوە و لێم دەڕوانێ.

«لێرە چی دەکەیت؟»

نەختێک دەکشێتە دواوە: «من؟»

«مەگەر نابێ لە ماڵەوە بیت؟»

پەنجەی، کە خەریکە دەلەرزێ، هەڵدێنێ: «من...»

«دەتەوێ بتگەیەنمە ماڵەوە؟»

«من... دەبێ ددانی پێدا بنێم.»

«با بڕۆین!»

چراکانی ئۆتۆمۆبێلێک لە دوورەوە دەلەرزن.

«دەستەوانەت نییە؟»

ئۆتۆمۆبێلەکە تێ دەپەڕێ و سێبەری هەردووکمان بەسەر دیواردا ڕادەکەن.

دەستەکانی دەگرم: «بیانخەرە نێو گیرفانەکانتەوە.»

دەستم لادەدا: «ددانم پێدا نا، وانییە؟»

«ددانت بە چیدا نا؟»

«کە نازانم لە کوێیە؟»

«تۆ دەبێ لەماڵەوە بیت.»
«تۆ دەزانی لە کوێیە؟»
«چی لە کوێیە؟»
«ماڵەکەم... دەزانی ماڵەکەم لە کوێیە؟...»
با گڤەی دێ و دەخولێتەوە.
«ئادی، دەزانم.»
«تۆ لێرە دەژیت؟»
وەڕێ دەکەوم.
«تۆ ئۆتۆمۆبێلت هەیە؟»
باسکی دەگرم: «نیمە. لەملاوە!»
«ئەو هەیبوو!» دەکشێتەوە: «تۆش هەتبوو؟»
«با بڕۆین.»
«نەتبوو؟» تەماشام دەکا: «من ماڵەکەی خۆمم پێ دەزانی؟»
با، بەسەر نێوچەوانمدا ڕادەبرێ. سەرم نەختێک دەچەمێنمەوە: «بەڵێ دەتزانی.»
«تۆ پێی دەزانی؟» گیرفانەکانی دەگەڕێ: «ئەدی ئەو؟ ئەویش پێی دەزانێ؟»
شان هەڵدەتەکێنم.
«ڕۆژنامەکەم...»
قۆڵی ڕادەکێشم: «هەتە. لە ماڵەوە زۆرت هەیە.»
قەدبڕ کە بڕۆین، هەورازە و پاشان دەگەینە پلیکانەکان.
«ئەرێ؟ ئەی بۆ دەڵێی ڕۆژنامە نەینووسیبوو؟»
«با بڕۆین. ڕۆژنامەکان لە ماڵەوەن.»
«پێم وایە لە جیاتیی پلیکانی سەر بەرەوژوور، دەبا پلیکانی سەر بەرەوژێریان دروست کردبا.»
دە پلیکان زیاترمان نەماوە.

«بەفریش دەبا نەباریبا. یان هەر هیچ نەبێ کەمتر...»

دەگەینە شەقامێکی تەسک و تاریک. چراکانی ئۆتۆمۆبێلێک سێبەرمان بەسەر دیوارەکاندا دەخشێنێ. خۆمان لادەدەین. سێبەرمان دەکەوێتە نێو چاڵێکەوە. چراکان تێ دەپەڕن.

گیرفانەکانی دەگەڕێ.

دەڵێم: «هەتە. لە ماڵەوە هەتە!»

«بەڵام ڕۆژنامەکان نەیاننووسیبوو. یانی دراوسێکەم گوتی نەیاننووسیبوو.»

بە لای ڕاستدا پێچ دەکەمەوە و قۆڵی ڕادەکێشم.

«بەڵام من، زۆر چاولەڕێ بووم. وانییە؟»

«نازانم.»

«من نەمبینی... وانییە؟»

وەڵام نادەمەوە.

«سەد لە سەد نووسیبوویان، بۆیە گوتیان نووسیویانە. منیش کە دەڵێم نەمبینیوە؛ سەد لە سەد نەمبینیبوو. وانییە؟»

پێیەکانم ڕەق هەڵاتوون.

«من ماڵەکەمم پێ دەزانی؟»

«ئەرێ. پێت دەزانی...» قۆڵی ڕادەکێشم. مۆم و ئەستێرەکاغەزییەکان لە پشت پەنجەرەکان، داگیرساون.

«تۆ ئۆتۆمۆبێلەکەیانت بینی؟»

«درەنگە. با بڕۆین.»

«بۆچی درەنگە؟»

«بۆ ئەوەی بخەویت.»

«بەڵێ... بەڵام تۆ پەلەتە، چونکە پێی دەزانی.»

ملم دەبەمەوە نێو یاخەی پاڵتۆکەمەوە: «باشە. با بڕۆین.»

«من لەمانەم هەبوو؟» دەستی بەرەو پەنجەرەکان درێژ دەکا.

«بەڵێ هەتبوون.»

«تۆ دەزانی کە هەمبوون؟»

«بەڵێ دەزانم.»

«تۆ دەزانی لەمانە دروست بکەیت؟»

«نا، نازانم.»

«ئەدی چۆن ماڵەکەی من پێ دەزانی؟»

«دەزانم. با برۆین.»

«زۆرمان ماوە؟»

«نا، ئەوە خەریکین دەگەین.»

«تۆ مەگەر گەیشتبوویتە ئەوێ؟»

«کوێ؟»

دەست دەخاتە سەر دەمی خۆی: «بەو شوێنەی...» دەکۆکێ: «من نەڕۆیشتم. پاشان گوتیان نەگەیشتبوومە ئەوێ. بەڵام گوتیان ڕۆژنامەکان نووسیبوویان...» بیر دەکاتەوە: «تۆ گوتت هەمە، وانییە؟»

لە تەنیشت پلیکانەکان ڕادەوەستم: «ئەرێ، هەتە.»

«کلیلمان هەیە؟»

«پێویست ناکا، کراوەیە.» دەرکەکە ڕادەگرم.

هەڵدەگەڕێتەوە و لێم دەڕوانێ: «کەواتە لەوانەیە گەیشتبن.»

دەرکەی سانابەرەکە دەکەمەوە.

«دەمێکی زۆر نییە، کە جاری پێشوو نەهات، وانییە؟»

دوگمەی نهۆمی سێیەم دادەگرم.

لە ئاوێنەدا لێم دەڕوانێ و وەردەچەرخێ: «تۆ دەمناسیت؟»

دەرکەی سانابەرەکە دەکەمەوە. گڵۆپەکەی نێو داڵانەکە نیوە سووتاوە. دەکوژێتەوە و هەڵدەبێتەوە. دەکوژێتەوە و...

«ئەگەر لەمەڕ لێکدانی ئۆتۆمۆبێلیان نووسیبێ... کەواتە ڕاست بووە.

وانییه؟»

دەستگری دەرکەکە بادەدەم.

پێ دەنێتە نێو تاریکییەوە.

چراکە دادەگیرسێنم.

گیرفانەکانی دەگەڕێ: «نیمە! دەمزانی کە نیمە.»

بەرەو متبەخ دەڕۆم: «لێرەیە...»

بە دوامدا دێت.

چراکە دادەگیرسێنم: «ئەمەتا...» کۆمەڵێک ڕۆژنامە لەسەر مێزی متبەخ کەڵەکە کراون.

لە تەنیشتم ڕادەوەستێ: «لەمانەدا نووسراوە؟»

سەر دەلەقێنم.

«وێنەشی لەگەڵ بێت زۆر باشە. ئۆتۆمۆبێلەکە سوور بوو. هەر بیبینم دەیناسمەوە.»

لە سەعاتەکەم دەڕوانم.

دەڕوا و لە پشت مێزەکە دادەنیشێ: «تۆ ناتەوێ لێیان بڕوانی؟»

بیرم چووەتەوە سەعات چەند بوو. یان لەوانەیە هەر نەمدیبێت. دیسان لە سەعاتەکەم دەڕوانم: «نا. دەبێ بڕۆم.»

«بڕۆیتە کوێ؟»

«ماڵەوە.. دەبێ بچمەوە ماڵەکەی خۆم.»

«پێی دەزانی؟»

# شازده و سی و پێنج خولەک

... بۆ ڕێزلێنان لە هوشەنگ گوڵشیری

«کوێ؟...